# کورد و عەرەب

نووسینی

ئیبراهیم ئەحمەد

و

لەلایەن کۆمەڵێک

گەنجی کوردەوە چاپکراوە

وەرگێڕانی:

نەرمین عوسمان

٢٠٢٤

# کورد و عەرەب

نووسەر: ئیبراهیم ئەحمەد
وەرگێڕانی: نەرمین عوسمان
بابەت: مێژوویی
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: هێرش حەمەسەلیم
نۆبەتی چاپ: ٢٠٢٤
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٣٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (          )ی ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (٤٨)

# کورد و عەرەب

نووسینی

ئیبراهیم ئەحمەد

و

لەلایەن کۆمەڵێک

گەنجی کوردەوە چاپکراوە

وەرگێڕانی:

نەرمین عوسمان

٢٠٢٤

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

# ئینستتیوتی نارین

ئینســـتتیوتێکی کوردســـتانی، توێژینەوەیی قازانج نەویســـتە. کاری سەرەکیی ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوونی پرسە هەنووکەیی و نیشـــتمانییە گرنگەکانـــە. هەروەهـــا چاپ و بڵاوکردنـــەوەی توێژینەوەکان و ســـازکردنی کۆڕ و ســـمینار و کردنەوەی خولی زانســـتی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێویستی پێیەتی.

ئینســـتتیوتی نارین ســـاڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.

# پێڕست


پێشەکی.......................................................................٩

ئەم نامیلکەیە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگە..............١٥

لە نێوان کورد و عەرەب ئاشتی و دۆستایەتی...........٣٩

لەژێر چنگی عوسمانییەکاندا.........................................٤٢

لە جەنگی جیهانیدا.......................................................٥٣

رۆڵی شۆڕشەکان.........................................................٥٥

گریانی ستەملێکراو و ژاوەژاوی ستەمکار...................٥٨

شۆڕشێکی کۆنەپەرستانە!.......................................... ٦٠

کۆلۆنیالیزم رزگاری دەکات.........................................٦٤

عەرەب پاڵپشتیی کورد دەکەن.....................................٦٩

کورد لەپێناو سەربەخۆییدا جارێکیتر شۆڕش دەکاتەوە.....٧٢

دوژمنایەتی لە نێوان گەلاندا نییە.................................٧٥

برایەتیی کورد و عەرەب...............................................٧٩

نەژادپەرستیی کوێرانە...................................................٨٢

## پێشەکی

لە دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و جەنگی جیهانیی یەکەم، چەندین دەوڵەتی نوێ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست؛ بەپێی بەرژەوەندی و خواستی دەوڵەتانی زلهێز و براوەی جەنگ هاتنە ئاراوە. بێ گوێدانە دەنگ و مافی زۆرێک لە دانیشتوانی رەسەنی ئەو ناوچانە، لەسەروو هەمووشیانەوە گەلی کورد، بەپێی بەرژەوەندییە ئابووری و جیۆسیاسییەکان، لەناو هۆڵ و لەسەر مێزەکانی ئەوروپا نەخشەی وڵاتی نوێ دەکێشران و بەسەر گەلانی ناوچەکەدا دەسەپێنران. لەگەڵ ئەوەی ئەم دابەشکارییە نوێیە بووە هۆی پێشێلکردنی مافی رەوای ملیۆنان کەس، بەڵام تارادەیەک قۆناغێکی نوێش بوو لە دامەزراندنی دەوڵەتی ناوەندی و سەقامگیرتر لەچاو مێژووی پێشتری ئەو ناوچەیە، کە بەردەوام شوێنی ململانێی توند و خوێناویی نێوان ئیمپراتۆریەت و شارستانیەتەکان بووە.

ئەم نامیلکەیە بۆ گرنگە؟ بەتایبەتی زیندووکردنەوەی لە ئێستادا و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی، چ بایەخێکی هەیە؟

سەرەتا دەبێت ئەوە روون بکەینەوە کە کاتی نووسینی ئەم نامیلکەیە، ساڵی (١٩٣٧)ە، ناوچەکە

هێشتا لە دۆخی گواستنەوەدایە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی نوێ، نزیکەی پێنج ساڵێکە عیراق سەربەخۆ بووە و بووەتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، لەگەڵ ئەوەی ئینتیدابی ئینگلیز کۆتایی پێ هاتووە، بەڵام هێشتا دەنگ و رەنگی ماوە و تارمایی و کاریگەرییان بەسەر رەوتی بڕیار و کاروبارەکانەوە دەبینرێت.

تەمەنی کۆماری تورکیا نەگەیشتووەتە پازدە ساڵ و هێشتا پایەکانی دەوڵەت لەرزۆکن، دۆخی ناوخۆی نەمەییوە و داواکاری و شۆڕش و راپەڕینەکان بە ئاگر و ئاسن سەرکوت دەکرێن؛ گرتن، کوشتن، راگواستن، گۆڕینی مۆرکی دەوڵەت لە ئایینییەوە بۆ عەلمانی، بەوردی و بەچڕی کاریان لەسەر دەکرێت... ناوچەکە بەگشتی، تورکیا و عیراق بەتایبەتی، کە هەردووکیان دەوڵەتی نوێن و بەشێکی سەرەکیی دەوڵەتەکانیان لە کورد و خاکی کوردستانی دابەشکراو پێکهاتووە، پرسی گەرمی بڕیار و کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گەلان و زلهێزەکانی جیهانن. چارەنووسی گەلانی ناوچەکە بە خواست و بەرژەوەندیی ئەوانەوە بەستراوەتەوە.

لە لایەکی ترەوە، ناوچەکە لە قۆناغی گواستنەوەدایە لە بیری دواکەوتوو و کۆنەپەرستانەوە بەرەو تارمایی بیری پەرگیریی

نـەژادپـەرسـتـی و دەمـارگـیـری، ئـەمـە جگە لـەوەی بـەرەو ئـەوە دەڕوات کـە ببێتە بەشێک لە جێ ململانێی سیستمی سۆشیالیستی و جیهانی سەرمایەداری.

کـورد لـەو کـاتـەدا بـە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت، هیچ حزبێکی سیاسیی کوردی بوونی نییە، زیاتر کارکردن لەسەر ئاستی تاک و گرووپە، بیری نەتەوەیی زیاتر پـەل دەهـاوێت و بـەرەو زاڵبوون دەچێت.

لـەم کـاتـەدا، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، کە هێشتا لاوێکی خوێنگەرم و خوێندکاری زانکۆیە، پشتبەست بە دەیـان سـەرچاوە و دۆکیۆمێنت و بەڵگەی روون، ئەم نامیلکەیە دەنووسێت و تێیدا جەخت لە برایەتی گـەلان بەگشتی و برایەتیی هەردوو گەلی کورد و عەرەب دەکاتەوە، مێژوو و واقیع و بەڵگەکان دەکـاتـە شایەتی خراپی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی بیری نەژادپەرستیی کوێرانە لەسەر چارەنووسی گەلانی ناوچەکە. لەگەڵ ئـەوەش، پاداشتی دەسەڵاتدارانی سپڵە و مەستبوو بە دەسەڵات، کۆکردنەوەی نامیلکەکە و تاوانبارکردن و راوەدوونانی نووسەرەکەی بوو، تا ئەوەی دادگە پێچەوانەکەی سەلماند و ئازادی و خاوەندارێتیی نامیلکەکەی بۆ گەڕاندەوە.

٢٤ ساڵ دواتر، دیسان عیراق و پرسی کورد لە دۆخێکی هەستیاردایە؛ چەند ساڵێکی کەمە شۆڕش کراوە و سیستمی دەسەڵات لە پاشاییەوە بووەتە کۆماری، ململانێی نەتەوەییەکان و سۆشیالیستەکان لە ترۆپکدایە، دۆخی سیاسی شلۆقە و لایەنەکان بەنهێنی و بەئاشکرا لە زۆران و دەستشکانەوەیەکی بەردەوامدان... شیوعییەکان لە دەسەڵاتدان و نەتەوەییەکان هەوڵی شۆڕش و کودەتا دەدەن. پرسی کورد، دیسان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت، هەندێک لەگەڵ شۆڕشی چەکدارین و هەندێکیش لەگەڵ ئەوەن لە ڕێگەی خەباتی مەدەنی و سیاسییەوە دەتوانرێت باشتر مافەکان بەدەست بهێنرێن و چاکتر وایە بەغدا شوێنی یەکلاکردنەوەی پرسەکان بێت.

لەم کاتەدا، سیاسییەکی چست و چالاکی وەک بەڕێز مام جەلال، هەرچەندە هێشتا لە بیستەکانی تەمەنیدایە، بەڵام وەک هەمیشە وردبین و دووربینە، هەر بە زمانی عەرەبی، پێشەکییەک بۆ نامیلکەکە دەنووسێت و بایەخی بۆچوون و تێڕوانینەکانی ئاماژە پێ دەدات و شیکارییەکیش بۆ سەردەمی نووسینەکەی دەکات، هەروەها جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگیی ناوەڕۆکی نامیلکەکە بۆ ئەو سەردەمەی ئەوانیش.

بۆ بەدبەختیمان، پاش نزیکەی نەوەد ساڵ، وەک بڵێی ناوچەکە بەگشتی و پرسی کورد بەتایبەتی، لە بازنەیەکی داخراودا بێت و سەرەڕای ڕەوت و بەرز و نزمی، هەمان ئەنجام بەدەستەوە دەدات. پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسی فاشی لە ٢٠٠٣، پرسی کورد چووە قۆناغێکی نوێ، هەر خودی مام جەلالی هاوبیر و هاوخەباتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، بووە یەکەم سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی گەلی عیراق بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانییەوە. لەو کاتەدا بەڕێزیان و کورد ئەوەیان سەلماند کە برایەتی کورد و عەرەب، هەر تەنیا قسەکەیەکی بێ کاکڵە نییە لای ئەوان، بەڵکوو بوونە هەوێنی سازان و بنیاتنانەوەی عیراقێک کە بەرەو دیموکراسیەت و هاوڵاتیبوون و پێکەوەژیان هەنگاو بنێت، سەرەڕای هەموو کۆسپ و تەگەرەکان.

بەداخەوە، چەند ساڵێکە دیسان بوقی ڕەگەزپەرستی دەنگی بەرزە و هەموو کەسێکی تێگەیشتوو و خاوەن ویژدانی هەراسان کردووە، ململانێیەکی ناحەزانە لەئارادایە، دەستشکانەوەیەکی هەمەلایەنە لە نێوان هەرێم و ناوەندا هەیە، ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر قەوارەی هەرێم لەژێر هەڕەشەدایە، کە بمانەوێت یان نەمانەوێت، سەقامگیریی عیراق بەندە

بە سەقامگیریی هەرێمی کوردستانەوە.

لە عیراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، نەوەیەکی نوێی سیاسی هاتوونەتە پێشەوە و وردە وردە جومگەکانی دەسەڵات لە حزبەکان و حکومەتدا وەردەگرن. زۆر گرنگە ئەم نەوەیە شارەزای مێژوو و رووداوەکانی جیهان و ئەم ناوچەیە بن، پێویستە بەوردی ئاگاداری سەرجەم پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی، جوگرافی و مێژووییەکانی هەم کورد و هەمیش گەلانی هاوسێی بن. دەبێت وانە لە مێژوو وەربگرن، نابێت هەندێک دەنگی نەشاز و بەرژەوەندیخواز کاریگەری بکەنە سەر ئاراستەی کارکردنیان و لە راستەڕێی پێکەوەژیان و برایەتی دووریان بخەنەوە بەرەو دەمارگیریی کوێرانە و رق و تۆڵەسەندنەوە.

ئەم نامیلکەیە، بەتایبەتی بۆ ئەم نەوە نوێیەی لە کایەی سیاسیدا کار دەکەن؛ بایەخێکی زۆری هەیە. نابێت هەستی مەزلومیەتی نەتەوەیی ببێتە پەرچەکردارێک کە بە دەمارگیرییەوە کار بکەین، پێویستە بەرچاومان روون بێت کە کێ دوژمنە و کێ دۆستە، یار و نەیار بناسین و بە تێگەیشتنەوە هەنگاو بنێین.

**نەرمین عوسمان**

## ئەم نامیلکەیە

## بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگە

پێش چارەکە سەدەیەک، ئەم نامیلکەیە لەلایەن مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدەوە نووسراوە و کۆمەڵێک گەنجی کورد چاپیان کردووە و بڵاویان کردووەتەوە، لە وەڵامی بوختانەکانی دوژمنانی برایەتیی عەرەب و کورد کە هەوڵی بڵاوکردنەوەی "بۆچوونی ناڕاست و ژەهراوی دەربارەی نیازی کورد و هەڵوێستیان بەرانبەر بە عەرەب و پرسی ئەسکەندەرۆنە" دەدەن ئەو پارێزگا سوورییەی لەلایەن حکومەتی تورکییەوە تاکوو ئێستا دەستی بەسەردا گیراوە و داگیرکراوە بە هاوکاری و پاڵپشتیی کۆلۆنیالیزمی جیهانی.

دوژمنان، کۆلۆنیالیزم و نۆکەرەکانیان و کەسایەتییە کۆنەپەرستە خیانەتکارەکان، وەک پیشەی هەمیشەییان، هەوڵدەدەن پەیوەندیی برایەتیی هەمیشەیی کورد و عەرەب لێک بترازێنن، زیان بەو پەیوەندییە توندوتۆڵە بگەیەنن کە هەردوو گەلی عەرەب و کورد بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەوەش بەپێی ویستی پلانی داگیرکەران بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی گەلان

و کۆیلەکردنیان و دەستبەسەرداگرتنی سامانە نیشتمانییەکانیان و ڕێگریکردن لە بەردەوامبوون لەگەڵ کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی کە سوورن لەسەر ڕێکردن بەرەو ڕووناکی و ئازادی و پێشکەوتن. هەروەها بەپێی کارکردن بە بنەمای سیاسەتی کۆلۆنیالیزم "پەرت بکە و زاڵ بە"، ئەمەشیان لە ڕێگەی هەڵبەستنی بوختان بۆ کورد و هەوڵدان بۆ شێواندنی خەباتی ڕەوای ڕزگاریخوازانەی، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست دژ بە عەرەب و مەبەستەکانیان لەناو جەماوەری سادەی کورد و لە نێو هەندێک بازنەی کوردە کۆنەپەرستەکان کە بەئاسانی ملکەچی کۆلۆنیالیستەکان دەبن.

بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیە لە ساڵی ١٩٣٧دا و لە هەلومەرجێکی سەختی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا، هەوڵێکی بوێرانە و سەرکەوتوو بوو بۆ ئاشکراکردن و پووچەڵکردنەوەی مانۆڕەکانی کۆلۆنیال و کۆنەپەرستەکان، بە شێوازێکی سەردەمییانەی نوێ لەم بوارەدا و بۆ یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخ لە عیراقدا و بە قەڵەمێکی ڕەنگینی کوردێک و بە ڕوونکردنەوەیەکی زانستی،

لەسەر بنەماکان و ناوەڕۆکی پەیوەندییە پتەوە دێرینەکەی نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد لە لایەنە راستییەکەیەوە بڵاوبکرێتەوە، هەروەها لە داواکارییەکی راستگۆیانە لەپێناو پتەوکردنی برایەتی و خەباتی هاوبەشیان دژی کۆلۆنیالیزم (دوژمنە سەرەکییە هاوبەشەکەیان) و نۆکەرە کۆنەپەرست و ئاژاوەچییەکان، لەپێناو ئامانج و ئاواتە رەواکانیان، بۆیە:

ئەم نامیلکەیە بەڕاستی بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگە...

بەڵگەنامەیەکی مێژووییە، چونکە ئەو راستییە ئاشکرا دەکات کە کەسایەتییە پێشکەوتنخوازەکانی کورد دەمێکە هەستیان پێ کردووە و تێگەیشتوون لە سروشت و واقیعی پەیوەندیی برایانەی نێوان گەلی عەرەب و گەلی کورد و پێداویستییەکانیان و باوەڕبوونیان بە گرنگیی پتەوکردن و جێگیرکردنیان، هەروەها بەهێزکردنی خەباتی هاوبەشیان لە دژی کۆلۆنیالیزم و دیکتاتۆریەت و کۆنەپەرستان. ئەم کەسایەتییانە بە هەموو توانایەکیانەوە کاریان کردووە بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانیان و لەپێناو گەیشتن بەو

ئامانجە پیرۆزەی کە بە یەکەم مەرجی سەرەکی سەرکەوتنیان دادەنرێت بەسەر دوژمنانیاندا، بۆ ئەوەی خەباتی سەخت و تاڵیان بە خەرمانەی سەرکەوتن بپێچن و بەری ئەو سەرکەوتنە بچننەوە.

بەڵگەنامەیەکی مێژووییە، چونکە لە قۆناغی یەکەمی کودەتاکەی خوالێخۆشبوو بەکر سدقی دەرچووە، قۆناغێک کە تایبەتمەند بوو بە دەستکەوتە نەتەوەییەکان و سەرهەڵدانی هۆشیاریی نەتەوەیی، بەرزبوونەوەی ئاستی خەبات لە دژی کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستان بە بەشداریی وەزیرە نیشتمانپەروەرە دیموکراتخوازەکان لەناو حکومەتدا، دابینکردنی رادەیەکی بەرچاو لە ئازادیی رۆژنامەگەری و بواری رێکخستن بۆ کەسایەتییە دیموکراتخوازەکان، ئەمانەش هۆکارێک بوون کە هێزە کۆنەپەرستەکان ببنە کۆیلە و بەردەوام نوقمی کاری خراپەکاری و شێواندن و بەلارێدابردنی کودەتاکە و تێکدان و لەناوبردنی دەستکەوتە نیشتمانییەکان بن لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە، بۆ تێکدانی پەیوەندیی برایەتی نێوان نەتەوەی کورد و

عەرەب. بەتایبەتییش بەهۆی ئەوەی بەشێک لە ئەفسەران و نیشتمانپەروەرانی کورد رۆڵێکی دیاریان هەبوو لە خەبات و هاندانی کودەتاکە بەرەو کاری زیاتر لە چاکسازی و دەستکەوتی نیشتمانیی. برایەتیی کورد و عەرەب گرنگییەکی هەستیاری هەبوو، وەک بەردی بناغەی یەکێتیی نیشتمانیی عیراقی وابوو. نەتەوەی کورد وەک هێزێکی دیموکراتخواز ئاماژەی بۆ دەکرا، بۆیە هێرشەکانی کۆلۆنیالیزم و نۆکەرەکانی وا ئاراستەکرابوون بەرەو لاوازکردن و چاندنی تۆوی ناتەبایی و دووبەرەکی لەجیاتی برایەتی و یەکڕیزی، هەروەها بڵاوکردنەوەی گومان و مەترسی لەسەر خواست و مەرامەکانی کورد.

**گرنگیی ئەم نامیلکەیە خۆی دەبینێتەوە لە:**

**یەکەم:** ناوەڕۆکی نامیلکەکە، روونکردنەوەی هێڵە سەرەکییەکانی بیرۆکەی دیموکراسییە دروستەکان سەبارەت بە برایەتی کورد و عەرەب و خەباتی هاوبەشیان لەخۆ دەگرێت، ئەو بیرۆکانەی کە دان بە بوون و مافە سروشتییە مێژووییەکاندا دەنێن، هەروەها

دەرد و دەرمانیان، ئامانجە ڕەواکان، بنەماکان و پێویستییەکانی خەباتی هاوبەشیان دوای دیاریکردنی دوژمنە سەرەکییە هاوبەشەکەیان (کۆلۆنیالیزم، جا لە هەر جۆرێکی بێت)، ئەوە دەردەخات کە هیچ جۆرە ناکۆکییەک لە نێوان بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانیاندا نییە، هەروەها هیچ پاساوێکیشیان نییە بۆ دوژمنایەتی، یاخود ناتەبایی لە نێوانیاندا، ئەمەش بەرچاوڕوونییەکە لەسەر یەکێتیی بەرژەوەندییەکانیان. لە لاپەڕە ٢٨ی نامیلکەکەدا هاتووە:

"گەلی کورد، وەک گەلی عەرەب، گەلێکی پارچە پارچە کراون و یەکدەنگ نین، وەک عەرەب لەپێناو مافە ڕەواکانیان خەبات دەکەن. هاوکاری و لێکتێگەیشتنیان هەیە لەگەڵ گەلان لەپێناو بەدەستهێنانی بەشی خۆیان لە ژیان و ئازادی بۆ ئەوەی بتوانن لە بنیاتنانی شارستانیەتی جیهاندا بەشداربن، وەک چۆن بەشداربوون لە بنیاتنانی شارستانیەتی ئیسلامی لە سەردەمانی پێشوو. کورد هەر وەک عەرەب، وەک هەر مرۆڤێکی سوارچاک و مەرد عەودالی ئامانجێکی شەرەفمەندانەیە. شۆڕشەکانی کورد وەک شۆڕشەکانی عەرەب، هەڵقوڵاوی هەستێکی

گشتیی نەتەوەیەکی زیندووە، رووبەڕووی هەموو جۆرە مەترسییەک بووەتەوە و بەرگەی هەموو زەحمەتییەک و ناخۆشییەکی گرتووە لەپێناو ژیانێکی ئازادانە و بەختەوەرانە، یاخود مردنێکی شکۆمەندانە و نەمرانە. ئێمە دەمانەوێت بەیەکسانی مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن؛ نە دەمانەوێت کوێخا بین و نە دەمانەوێت کۆیلە بین".

هەروەها لە لاپەڕە ٢٩ی نامیلکەکەدا هاتووە:
"کورد وەک برا عەرەبەکانیان خەبات دەکەن لەپێناو رزگاربوون لە کۆت و بەندی کۆیلایەتی و زەلیلی... دەیانەوێت پارێزگاری لە زمان و کولتوور و ناسنامەیان بکەن، چونکە پارێزگاری لەمانە، هیچ زیانێکی نییە بۆ گەلانی تر، بەڵکوو سوودی هەیە و سوودیان پێ دەگەیەنێت، چونکە لە روانگەی ئێمەوە، بەرژەوەندیی گەلان لە هەموو حاڵەتێکدا یەکە، لەبەرئەوە دەبێت هاوکاریی یەکتر بکەن لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانیان. کورد دۆست و هاوخەمی عەرەبە لە نەهامەتییەکانیاندا، هەردوولا یەک دەردیان هەیە، بۆیە پێویستیان

بە هەمان چارەسەرە، کەواتە ئێمە هاوڕێی ڕێگەی ڕزگارییین...".

**دووەم:** ئەم نامیلکەیە، برایەتی کورد و عەرەب بەرز ڕادەگرێت و ستایشی دەکات و ڕوونکردنەوەی زانستییانەی دروست دەربارەی ڕەگ و ڕیشە مێژووییەکەی ئەو پەیوەندییە لە سەرەتای چوونە ناو ئیسلامەوە لەخۆ دەگرێت. هاوکات لە نامیلکەکەدا بەگەرمی داوای خەباتی هاوبەش و برایەتی و هەماهەنگی دەکات.

نووسەر (مامۆستا ئیبراهیم)، یەکەم بابەتی لە لاپەڕە (٥)دا بەم شێوەیە دەستپێکردووە:

"ئەگەر سەیری پەیوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب لە سەردەمی فەتحی ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ بکەین، دەبینین لە باشترین شێوەی پەیوەندیی دۆستایەتی و تەبایی و ئاشتییە کە لە نێوان گەلانی دراوسێدا هەیە...".

هەروەها نامیلکەکە بەوردی ئەو ڕاستییە باس دەکات و بەکورتی و ڕاستگۆیانە مێژووەکەی دەگێڕێتەوە. هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام و جیهادی هاوبەشی عەرەب و کورد بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلام و

بنیاتنانی شارستانیەتەکەی، دواتر بە سەردەمی عوسمانییە نەخوازراوەکەدا تێدەپەڕێت، کە هەردوو گەل بەیەکەوە تاڵاوی کۆیلایەتی و زۆرداری و ئازار و بێبەشی و نادادپەروەرییان چێشتووە. دواتر تا دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق و باس لە خەباتی بەردەوامیان لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە رەواکانیان.

کاتێکیش مامۆستا ئیبراهیم دێتە سەر بابەتی برایەتیی کورد و عەرەب و باسکردن لە داهاتوویان، لە لاپەڕە ٢٨دا دەڵێت:

"پێشتر باسمان لەو پەیوەندییە مێژوویی و کولتووریی و دراوسێیانەیەی نێوان کورد و عەرەب کرد، زانیمان پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو گەلە لە هەموو روویەک و سەردەمێکەوە پەیوەندییەکی زۆر دۆستانەیە، ئێستاش، بە پشتبەستن بەو روونکردنەوەیەی لەسەر ئەو پەیوەندییە مێژووییانەی هەمانبووە و لەو ئامانج و مەرامە هاوبەشانەی لە دوارۆژدا کۆمان دەکەنەوە، دەبێت بە شێوەیەک تواناکانمان رێکبخەینەوە کە باشترین بەرهەمی بۆ ئەو دوو نەتەوە برایە هەبێت.

ماموٚستا ئیبراهیم به بانگەوازێکی دڵسۆزانەی گەرم لەپێناو پتەوکردنی برایەتی و تەبایی نێوان ئەو دوو گەلە، لە لاپەڕە ٢٩دا کۆتایی بە بابەتەکە دەهێنێت و دەڵێت:

"با هاوکاری یەک بین، با لێک تێبگەین و لە ئێستا زیاتر پشتیوانی یەکتربین، با هەردوو گەلی کورد و عەرەب برایەتیمان بەهێزبکەین و بە هەموو توانایەکمانەوە بۆ ئەوە کاربکەین، با هەوڵەکانمان یەک بخەین بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆلۆنیالیزم، جا لە هەر جۆر و شێوەیەک بێت، با لەپێناو ئامانجە هاوبەشەکانمان خەبات بکەین".

**سێیەم:** لەم نامیلکەیەدا پەردە لەسەر رووی بانگەوازخوازانی خراپەکاری و دووبەرەکی و درۆکانیان رادەماڵێت، کە گوایە عەرەب و کورد رقیان لە یەکە و خراپەیان بۆ یەکتری دەوێت، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە رووی نەژادپەرستە توندڕەوەکان و دوژمنانی برایەتیی هەردوو گەلی برا و گەلان ئاشکرا دەکات.

ماموٚستا ئیبراهیم لەم نامیلکە پڕ بەهایەدا چەندین بەڵگە لەسەر بوونی دۆستایەتی و

هەماهەنگیی نێوان عەرەب و کورد لە خەبات و جیهادی هاوبەشی دوورودرێژیان خستووەتە روو. هەروەها ئەوەی نیشان داوە کە کورد و عەرەب برای خۆشەویستی یەکتربوون، دەستیان گرتووە بە رێگەکەی خوداوە لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا. ستایشی پشتیوانیی رۆژنامە عەرەبییەکانی سالانی سییەکانی بۆ شۆڕشی رزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستان لەو بەشەی بە تورکیاوە لکێنراوە کردووە. هەروەها ستایشی بەشداریی ئەو رۆژنامانەی کردووە لە بەدرۆخستنەوەی ئەو تۆمەتە درۆیانەی کۆلۆنیالیزم دەرهەق بە شۆڕشی نەتەوەیی کورد دەیانکرد بەوەی گوایە یاخیبوونێکی کۆنەپەرستانەیە.

سەبارەت نەژادپەرستیی کوێرانە، مامۆستا ئیبراهیم لە لاپەڕە ٣٠دا نووسیویەتی:

"بەڵێ، لەسەر رووناکبیرانی کورد و عەرەبە، نەک تەنیا بە دوورکەوتنەوە لە نەژادپەرستی و رەگەزپەرستیی کوێرانە، بەڵکوو دەبێت دژی بووەستنەوە و شەڕ لەگەڵ تیۆرییەماڵوێرانکەرەکانی بکەن کە لەلایەن

ئاژاوەگێڕەکانەوە بڵاودەکرێنەوە بە مەبەستی پەرتکردنی ڕۆڵەکانی یەک وڵات و دوژمنایەتی گەلانی تر، هەروەها نەک لەبەرئەوەی ئەم تیۆرییانە لەسەر بنەمای زانست و ئاوەز دانەڕێژراون، بەڵکوو لەبەرئەوەی هۆکارێکی سەرەکین بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆحیەتی رق و کینە لە نێوان گەلان و هەڵگیرسانی شەڕ و نائارامی لە نێوانیان. ئەرکی ئێمەیە بەرەنگاری ئەم تێڕوانینە نەگریسە نەژادپەرستییە ببینەوە، بەتایبەتییش لە ئێستادا، چونکە وڵاتی کۆلۆنیالیزم هەیە گەلەکەی بەو قسانە سڕ کردووە و بەرەو جەنگی داگیرکاری دەیانبات. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە یەکێتیی گەلان و هەماهەنگییان دژی داگیرکەران لاواز دەکات".

ئەو سەردەمەی ئەم نامیلکەیەی تێدا بڵاو کراوەتەوە، سەردەمێک بوو وڵاتانی فاشیزم و نازیەت ئاوازی نەژادپەرستیی کوێرانە و رەگەزپەرستییان دەژەنی.

**چوارەم:** لەم نامیلکەیەدا هەوڵدراوە تۆمەت و درۆ هەڵبەستراوەکانی دوژمنانی نەتەوەی کورد

له شێواندنی شۆڕشەکانی نیشتمانپەروەری و خەباتی رزگاریخوازی بەدرۆ بخاتەوە، هەروەها تاوانەکانی تۆرانییە کەمالیستەکان دژ بە نەتەوەی کورد لە تورکیا، ئاشکرا بکات. لە لاپەڕەکانی ١٣–١٨دا کورتەیەک لە راستییەکان دەربارەی شۆڕشی کورد و ئاشکراکردنی درۆکانی دوژمنانی باس کردووە.

دەربارەی هۆکارەکانی شۆڕشی کورد، مامۆستا ئیبراهیم لە لاپەڕە ١٣دا نووسیویەتی:

"کورد، لە ئەگەری بەدەستهێنانی بچووکترین داواکاری بە شێوازی رێگەپێدراو لە حکومەتی تورکیا بێ هیوا بوو، لە مامەڵە توندەکانی بێ هیوا بوو، هیچ دەرفەتێکیان لەبەردەم نەمابوو، بەناچاری روویان کردە شۆڕش؛ پەناگەی گەلانی چەوساوە، مایەی شەکەتی، هەڵگری ئاڵای ئازادی و رزگاریی نوقمبوو لە خوێندا.

کورد راپەڕینی کرد، هەوڵیدا ئەو داواکارییە رەوایانەی بە رێگەی گفتوگۆ و دانوستان بەدەستی نەهێنا، ئەوا بە زەبری هێز بەدەستی بهێنێت...".

لە لاپەڕەکانی ١٤، ١٥، ١٦، ١٧دا ئەو درۆ و تۆمەتە نارەوایانەی دژ بە شۆڕشی کورد

کراون، ئاشکرا دەکات و لە کۆتایی لاپەڕە ١٧دا وتوویەتی:

"هەموو ئەمانە ئاماژەیەکی روونە کە ئەم شۆڕشانە بەهیچ شێوەیەک کۆنەپەرست نەبوون، تەنیا مەگەر داواکاریی خەڵک بۆ مافەکانیان بە کۆنەپەرستی هەژمار کرابن... لای تەماشاکەرێکی خاوەن ویژدان شاراوە نییە کە ئەم شۆڕشانە لە ریزبەندی شۆڕشە رزگاریخوازە پیرۆزەکانی گەلانی ژێردەستەن کە بۆ رزگاربوون لە دەسەڵاتدارەکانیان ئەنجامیان داوە".

**پێنجەم**: لە ناوەڕۆکی ئەم نامیلکەیەدا (ئەگەرچی بەکورتییش بێت)، باس لە بیرۆکە پێشکەوتنخوازە دروستەکان سەبارەت بە یەکێتیی بەرژەوەندییەکانی گەلان، برایەتییان، هاوکاریی خەبات و بەرەی رزگاریخوازییان لە دژی کۆڵۆنیالیزم دەکات، ئەو بەرەیەی کە لەو سەردەمەدا دیارترین دروشمی مرۆڤایەتی دژ بە فاشیزم و درەندەترین و دیکتاتۆرترین جۆری کۆڵۆنیالیزم بوو، باشترین نموونەش لەسەر ئەم بۆچوونە؛ پێشکەشکردنی نامیلکەکەیە بە، لەوانە:

- به لایەنگرانی گەلانی داگیرکراو لە خەباتی رزگاریخوازیدا.
- بە نەیارانی شەڕ و کۆلۆنیالیزم، بە دۆستانی ئاشتی و دیموکراسی.
- بەوانەی هەوڵی برایەتی دەدەن لە نێوان گەلان لەجیاتی رق و کینە.
- بە هاوکارانی گەلانی ژێردەستە و چینە چەوساوەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا.
- بە لایەنگرانی بیرۆکەی بەرەی گەلانی رۆژهەڵات کە بۆ ئازادی تێدەکۆشن.
- بەوانەی لەگەڵ کاروانی مرۆڤایەتیدا رێ دەکەن.
- بە گەلی عەرەبی رێزدار.

گرنگیی ئەم بۆچوون و بیرۆکە پێشکەوتنخوازانەیە، زیاتر و زیاتر دەدرەوشێتەوە ئەگەر بزانین ئەم نامیلکەیە لەساڵی ١٩٣٧ دەرچووە، ئەو رۆژەی قیرەی قەلەڕەشی فاشیزم گەلانی نیگەران کردبوو، ئەو رۆژانەی بیرۆکەکانی شەڕ باڵی بەسەر جیهاندا کێشابوو، بەهۆی دەستدرێژی و داگیرکردن و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی گەلان لەلایەن فاشیزم لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و ژاپۆن.

لەکاتێکدا فاشیزم بە پروپاگەندە بەرفراوانەکەیەوە تۆوی رەگەزپەرستی و شۆڤێنیەتی دەچاند و بیرۆکە نەگریسەکانی لە کۆنەپەرستیدا نوقم بووبوون، بانگەشەی بۆ جیاوازیی نەژادی دەکرد و لە هەمان کاتیشدا دامەزراوە زەبەلاح و لق و پۆپەکانی بوقی کۆنەپەرستی و نەژادپەرستی و رۆحی نازیەتیان بۆ لاوانی هەندێک وڵات لێ دەدا (لەوانەش عیراق)، لەو رۆژە رەشەدا ئەم دەنگە کوردییە هۆشیارە بەرز بووەوە و داواکار بوو ”گەلانی عەرەب و کورد هاوکار و برای یەک بن و شانبەشانی یەکتری خەبات بکەن لە دژی کۆلۆنیالیزم و چەوساندنەوە، هەردوولایان هاوڕێی رێگەی زرگاری و ئازادین“.

ئەم دەنگە کوردییە بەرزبووەوە بۆ وتنی راستییەکان دەربارەی کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستان و فێڵ و ساختە و شێوازە شەیتانییەکان بۆ دروستکردنی رق و دوژمنایەتی و رکابەری لە نێوان گەلاندا، بە مەبەستی بیرخستنەوەی گەلانی عەرەب و کورد بەو پەیوەندییە دروستەی لە نێوانیاندا هەیە و پێویستیی بەردەوامیی برایەتی لە نێوانیان،

هەروەها جێبەجێکردنی ئەرکە نەتەوەییە گرنگەکەیان بیربخاتەوەکە چارەنووس و ئایندەیان پەیوەستە بە ئەنجامدانییەوە؛ ئەویش خەباتی هاوبەشیان لە دژی کۆلۆنیالیزم و چەوساندنەوە و کۆنەپەرستی، لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتی و دیموکراسییەکانیاندا.

ئەم بانگەوازە جیهادییە راستگۆیانەیە، کە لەسەر بنەمای راستییەکانە؛ چرای خەباتی گەلانە، ئاراستەی گەلانی عەرەب و کورد کراوە لەو هەلومەرج و سەردەمەدا، گرنگیی ئەم بەڵگەنامە مێژووییە زیندووە دەردەخات.

جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەم نامیلکەیە بەم شێوەیە دەنگدانەوەیەکی وا بەهێزی هەبێت لە نێوەندی کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکاندا، چونکە کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە تیشک خستنە سەر پێویستی و ئەرکە راستەقینەکانی پەیوەندی برایەتی کورد و عەرەب بۆ نیشتمانپەروەرەکان، هەروەها بۆ بەهێزکردن و پتەوکردن و چەسپاندنی لەسەر بنەما راست و دروستە نەگۆڕەکان.

دەسەڵاتداران کۆپی نامیلکەکەیان لە بازاڕدا کۆکردەوە و کەوتنە هەوڵدان بۆ گرتنی مامۆستا

ئیبراهیم ئەحمەد، کە هێشتا خوێندکاری قۆناغی کۆتایی کۆلێژی یاسا بوو. دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرد، دایان بە دادگا، بەڵام دادگەی تاوانەکانی بەغدا لە ساڵی ١٩٣٨ بێبەریی کرد لە تاوان و بڕیاری دا بە گەڕاندنەوەی نامیلکەکە بۆی.

کاردانەوەی کەسە کۆنەپەرستەکان بەرانبەر نامیلکەکە بە عەرەب و کوردەوە، ڕەتکردنەوەی نامیلکەکە و بوختانکردن بوو بۆی. ئەو کەسانەی هەوڵی دووبەرەکی دەدەن، دوژمنانی برایەتی و یەکێتیی راستەقینەی نێوان گەلان، ئەم جۆرە بیرۆکە پێشکەوتنخوازانەیان لا پەسند نییە (بیرۆکەی یەکێتیی توندوتۆڵی نێوان نەتەوەکان)، کۆنەپەرستانی عەرەب و کورد، بەرەنگاری ئەم نامیلکەیە بوونەوە. شۆڤێنییە عەرەبەکان و کەسە دوورەپەرێزەکان لە نەتەوەی کورد، گاڵتەیان پێ دەکرد. هەندێکیان چیرۆکی ناڕەوایان بۆ هەڵدەبەست، لەوانە، کەسێک وتبووی ئەم نامیلکەیە لە نووسینی خوالێخۆشبوو (بەکر سدقی)یە. وەک بەڵگەهێنانەوە وتوویانە، چونکە لەلایەن (فەریق)، واتە گرووپێک لە گەنجانی کوردەوە بڵاوکراوەتەوە و بەکر سدیقیش پلەی

سەربازیی (فەریق) بووە، هەروەها جەنەراڵ بەکر سدقی لە لاوانی کورد بووە. هەشبوو دەیوت ئەم بانگەوازە بانگەوازێکە گوزارش لە جیابوونەوە دەکات، تەنانەت وردەکارییەکانی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی لەخۆ دەگرێت! ئەم تۆمەتەش لە کتێبی (المبادئ والرجال وتأريخ الوزارات العراقية)دا هاتووە. ئەمانە هەرکات گوێبیستی هەوڵێکی جدی بوونایە بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی برایەتیی کورد و عەرەب و داواکاریی مافە رەواکانی نەتەوەی کورد، بە مەبەستی گۆڕینی رای گشتی و بە لاڕێدابردنی، هەمان ئاوازی کۆلۆنیالیزمیان دەژەنی.

سەرەڕای دژایەتی زۆر و پیلانی کۆلۆنیالیزم دژی نامیلکەکە، بەڵام نەیانتوانی ئەو بیرۆکانەی تێیدا بوو، قەتیسی بکەن، بەڵکوو کەوتە ناو ریزەکانی جەماوەرەوە و بڵاوبووەوە و رەگ و ریشەی داکوتا، بوو بە هێزێکی مادیی گەورە، ئەمەش لە سایەی خەبات و تێکۆشانی کەسە رۆشنبیر و پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و کورد، هەروەها بەهۆی رێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و کورد، لەوانەش: پارتەکەمان، پارتی دیموکراتی کوردستان، کە مامۆستا ئیبراهیمی

وەک سکرتێری لیژنەی ناوەندیی دەستنیشان کـردبـوو. پـارتـە تـێـکـۆشـەرەکـەمـان، کـە لە دروستبوونییەوە ئاڵای برایەتیی کورد و عەرەب و یەکڕیزیی خەباتی هەڵگرتووە، بـەردەوام و تا ئەمڕۆ بانگەوازی راستگۆیانەی بۆ یەکێتیی نیشتمانی کـردووە و لەسەر زاری وتەکانی سـەرۆکـی دەسـتـەی دامـەزرێـنـەر، تێکۆشەری نـاسـراوی نەتەوەیی، مستەفا بـارزانـی، کە لە وتارەکەیدا بە بۆنەی دامەزراندنی پارتییەوە دووپــات کــراوەتــەوە و دەقـەکـەشـی ئـەمـەی خوارەوە بوو:

"داواکارییەکەم ئاراستەی نەتەوەی کورد و عـەرەب دەکـەم، کە یەکبگرن و تواناکانتان بۆ خەباتی هاوبەشتان لە دژی دوژمنی هاوبەش، کـە ئـەویـش کۆڵۆنیالیزم و نۆکەرەکانیەتی، یەکبخەن... تەمووزی ١٩٤٦".

ئـەو بیرۆکە دروسـتـانـەی لـە نامیلکەکەدا هاتوون، تا ئەمڕۆش لە لووتکەی زیندوویی و گەنجیدان و رەواجی زۆریان لەسەرە، بەهۆی ئـەوەی ئەو بیرۆکانە زۆر پێویست بـوون بۆ گـەلـی عـیـراق و پـرسـی پـتـەوکـردنی کـۆمـاری عیراق (کۆماری عەرەب و کورد) و چەسپاندنی

دەسەڵات لەسەر بنەماکانی دیموکراسیەتێکی تەندروست، بەمەرجێک بتوانێت ماف و ئازادییە دیموکرات و نەتەوەییەکان بۆ هەموو گەل بە هەموو چین و توێژە نیشتمانییەکان و هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان دەستەبەر بکات.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە من نەمویستووە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بە خوێنەران بناسێنم لە پێشەکی کتێبەکەدا وەک ئەوەی کە باوە، چونکە کەسێکی زۆر ناسراوە لای رای گشتی بە عەرەب و کوردەوە، بەهۆی خەباتە شکۆمەندانە بەردەوامەکەی لە رابردوو و ئێستادا و خزمەتە بێپایانەکەی بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی و دیموکراسی و هەوڵە بێوچانەکانی بۆ چەسپاندن و بەرەوپێشبردنی برایەتیی کورد و عەرەب، هەروەها هەوڵەکانی بۆ خزمەتی نەتەوەیی و کولتوور و زمان و ئەدەبیاتەکانی و بۆچوونە پێشکەوتنخوازە درەوشاوەکانی، هەموو ئەمانە وایان کردووە بە باشی لە لای رای گشتیی عیراق بە عەرەب و کوردەوە بناسرێت.

بەدڵنیاییەوە مامۆستا ئیبراهیم ئەو شانازییەی بەسە کە چارەکە سەدەیەکە ئاڵای بۆچوونی

پێشکەوتنخوازیی هەڵگرتووە، بۆچوونەکانی بوونەتە هێزێکی گەورەی جەماوەری و بەرجەستەکردنی ئەو بۆچوونانەش، دەبنە مایەی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان عەرەب و کورد، هەروەها ئەم شانازییەی بەسەر کە تا ئێستاش لەگەڵ کاروانی مرۆڤایەتی و کاروانی گەل کە تامەزرۆی ئاشتی و ئازادی و دیموکراتییە، ڕێ دەکات.

**پیرۆت**[1]

---

[1] پیرۆت، ناوی خوازراوی بەڕێز مام جەلالە و زۆر جار بەکاری دەهێنا، هەندێک جار بەو نازناوە نامەی بۆ منیش نووسیوە... وەرگێڕ.

**پێشکەشە:**

- بە لایەنگرانی گەلانی داگیرکراو لە خەباتی رزگاریخوازیدا.
- بە نەیارانی شەڕ و کۆلۆنیالیزم، بە دۆستانی ئاشتی و دیموکراسی.
- بەوانەی هەوڵی برایەتی دەدەن لە نێوان گەلان لەجیاتی رق و کینە.
- بە هاوکارانی گەلانی ژێردەستە و چینە چەوساوەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا.
- بە لایەنگرانی بیرۆکەی بەرەی گەلانی رۆژهەڵات کە بۆ ئازادی تێدەکۆشن.
- بەوانەی لەگەڵ کاروانی مرۆڤایەتیدا رێ دەکەن.
- بە گەلی عەرەبی رێزدار.

**گرووپێک لە گەنجانی کورد[٢]**

**١٩٣٧ - بەغدا**

---

٢ ئەم نامیلکەیە، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد نووسیوویّتی و گرووپێک لەگەنجانی کورد لەبەغدا، بڵاویان کردۆتەوە.

## له نێوان کورد و عەرەب
## ئاشتی و دۆستایەتی

ئێمە مەبەستمان نییە ئەو پەیوەندییە مێژووییانە روون بکەینەوە کە کورد و عەرەب بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لەو روانگەیەی ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و بنکۆڵکاریی قووڵ هەیە (کە ئێستا ئەو وردەکارییانەمان بەردەست نییە)، تەنیا مەبەستمان وەڵامی بەشێک لەو ئاژاوەچییانەیە کە بۆچوونی ژەهراویی ناڕاست بڵاودەکەنەوە دەربارەی مەبەست و هەڵوێستی کورد بەرانبەر عەرەب لەسەر پرسی ئەسکەندەرۆنە.

ئەگەر سەیری پەیوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب لە سەردەمی فەتحی ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ بکەین، دەبینین لە باشترین شێوەی پەیوەندی دۆستایەتی و تەبایی و ئاشتییە کە لە نێوان گەلانی دراوسێدا هەیە و سەیریش نییە. کورد بە دڵسۆزییەوە باوەشیان بە ئیسلامدا کردووە و هەموو بنەماکانیان بە هەموو ناوەڕۆکەکانیانەوە پەسند کردووە، لەوانەش؛ پێویستیی لەبیرکردنی جیاوازییەکانی نێوان گەلانی جۆراوجۆری مسوڵمان. بەشداربوون لە بنیاتنانی شارستانیەتی ئیسلام، ئەو شارستانیەتە پیرۆزە. هەروەها بەشدارییەکی کاریگەر و بەرچاویان لە

هەموو جۆرە چالاکییە جیاوازەکاندا هەبووە. هەر کەسێک مێژووی ئیسلام بخوێنێتەوە، دەبینێت لەناو گەورە مێژوونووسان، شاعیر، ئەدیب، فەیلەسووف و زۆرێک لە بەرپرسە گەورەکان، هەبوون سەر بە نەتەوەی کورد بوون و خزمەتیان بە زمانی عەرەبی و کولتووری ئیسلام کردووە و لەناویدا تواونەتەوە تا ئەو رادەیەی هەستیان بە جیاوازیی نەتەوەیی و زمانەوانی نەکردووە. ئەگەر لە ئێستادا تەنیا چەند کەسێک لەوان بناسیت، ئەوە لەبەرئەوەیە لەو سەردەمانەدا گرنگیی بەو بابەتانە نەداوە، هەروەها لەبەرئەوەی کوردەکانیش هەر وەک گەلانی تری موسوڵمان، لە کاتی ئێستادا بەلایانەوە گرنگ نییە باوباپیرانیان چۆن ئەرکی سەرشانیان بەرانبەر ئیسلام و شارستانیەتەکەی بەجێ هێناوە. ئەوەش تاکە شتێکە وای کردووە بەشێک لە مێژوونووسان چاوپۆشی لە مافی کورد بکەن و کاریگەرییەکانیان لە بنیاتنانی شارستانیەتی ئیسلامدا کەم بنرخێنن. کورد تەنیا بە بەشداریکردن لە بواری فەرهەنگیی ئیسلامدا نەوەستاوە، بەڵکوو رۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە بەرگریکردن لە کیان و شارستانیەتی ئیسلام لە بەرانبەر هێرشە یەک لە دوای یەکەکان کە لە رۆژهەڵات و رۆژئاواوە دەکرایە سەری. کەسیش

ناتوانێت نکۆڵی لە ڕۆڵی پاڵەوانانەی سەلاحەدینی ئەیوبیی نەمر بکات کە چی کردووە لە شەڕەکانی دژ بە خاچپەرستەکان.

پەیوەندیی مێژوویی تەنیا یارمەتی کورد بۆ عەرەب نەبووە، بەڵکوو عەرەبیش هاوکاری و پاڵپشتیی کوردی کردووە، بەڵام سروشتی خەلافەت و هەلومەرجی شارستانیەتی ئیسلامیی ئەوسا وای کردووە هاوکاریی عەرەب بۆ کورد سنووردار بێت لە رووی چۆنایەتییەوە نەک لە رووی چەندایەتییەوە؛ عەرەبەکان پشتیوانیی خۆیان بۆ کورد لە ڕێگەی پێزانین و ڕێزگرتنەوە نیشان داوە، هەروەها بە یارمەتیدانی مادی و مەعنەوی لە بۆنەکانیاندا.

ئەوەی لە سەرەوە باسمان لێ کرد دەربارەی پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب، دەگونجێت بۆ هەموو قۆناغەکان، بەڵام دەبێت بزانین تایبەتمەندی ئەم بابەتە پەیوەندی بە ڕۆڵی خەلافەت و سەردەمی ملوک تەوائیفەوە هەبووە[٣]، چونکە بە گواستنەوەی خەلافەت بۆ ئەستانە[٤]، فاکتەرێکی تر دێتە کایەوە.

---

٣ ملوک الطوائف، قۆناغێکی مێژوویییە لە ساڵی ٤٢٢ی کۆچی دەستپێدەکات دوای رووخانی دەوڵەتی ئەمەوی لە ئەندەلوس... وەرگێڕ.

٤ ئیستانبوڵ.

## لەژێر چنگی عوسمانییەکاندا

سوڵتان نەیتوانی کورد بخاتە ژێر رکێفی دەسەڵاتی خۆیەوە، وەک چۆن پێشتر هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی تر نەیتوانیوە ئەم کارە بکات. کورد بە سەربەخۆیی لە شاخەکانیاندا مانەوە، تەنیا بە ناو سەر بە خەلیفە بوون. گواستنەوەی خەلافەت بۆ ئەستانە، پەیوەندی راستەوخۆی لە نێوان کورد و عەرەب لاوازکرد، بەڵام کورد درێغی نەکرد لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بەرانبەر بە شارستانیەتی ئیسلام، بە پیاوانێک کە بەشداربوون لە یارمەتیدانی عەرەب لەپێناو چالاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی دەسەڵاتیان.

ئێمە لە ئێستادا نامانەوێت روونکردنەوە لەسەر بارودۆخی رۆژانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بدەین، بەڵام هیچ زیانێک نابەخشێت ئەگەر نموونەی پەرەگرافێک لەو نامەیەی شازادە مستەفا فازیل (نەوەی محەمەد عەلی پاشای گەورە)، کە بۆ سوڵتان عەبدولعەزیزی ناردووە وەربگرین، کە چۆن باس لە بارودۆخی دەوڵەت و ئەو ناخۆشی و نەهامەتییانەی رووی لە گەل کردووە دەکات. چۆن هانی چاکسازی دەدات و دەڵێت "وڵاتەکەت رای

گشتیی تێدا نەماوە، هاوکارەکانت بەرپرسیارێتییان بەرانبەر رەعیەتەکەت نییە، رێگەیان بۆ هەموو خراپەکاران خۆشکردووە، خەڵکی بوونەتە دوو بەرە؛ دەسەڵاتدارێک ستەم دەکات و کەسیش نییە رێگری لێ بکات، بێدەسەڵاتێکیش ستەمی لێ دەکرێت و کەس نییە بەرگری لێ بکات. دەسەڵاتدارێک دەڵێت دەسەڵاتەکانی لە تۆوە وەرگرتووە، بێ سنوور و بێ رێگرە، ئەمەش دەکاتە بیانوو بۆ سەرپێچی و کەموکوڕییەکان، بێ دەسەڵاتەکانیش بەرەو چاڵایی زەلیلی رۆ دەچن بەهۆی ئەو خراپەکارییانەی دەرهەقیان دەکرێت. بەم شێوەیە بێ هیوایی باڵی بەسەر رەعیەتەکەتدا کێشاوە، لەژێر باری قورسی ئەو هەموو ستەمکارییەدا دەناڵێنن و بێدەنگن بەرانبەر ئەو هەموو نادادپەروەرییە. ئێوە دەزانن کە ستەم، ویژدان خراپ و ئاوەزیش تاریک دەکات...“ ل١١ لە کتێبی (القضية السورية).

ئەمە پێناسەیەکی کورتی دۆخی چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمە و بۆ هەموو کاتەکانی پێشووتر و خەلافەتەکانی عوسمانیی دواتریش دەگونجێت. لەو سەردەمانەدا جیاوازی لە نێوان گەلانی ژێردەستەی عوسمانی نەبوو، کورد، تورک و عەرەب لە بەرانبەر دەسەڵاتی چەوسێنەرەوە و

فیوداڵ و سەرۆکە ستەمکارەکاندا یەکسان بوون. ستەمکاری تەنیا تایبەت نەبوو بە سوڵتانەکانی عوسمانی، بەڵکوو پاشاکانی سەردەمانی پێشووش وازیان لە تاکڕەوی و دەسەڵات و حوکمی رەها نەدەهێنا، لە راستیدا مێژووی گەلان پڕ لە خەباتی بەردەوامە لە نێوان لایەنێکی چەوساوە و لایەنێکی چەوسێنەر لەپێناو قۆرخکردنی دەسەڵات و پاراستنی دەستکەوتەکانیان.

دەسەڵاتی عوسمانی، دەرەبەگایەتی بوو، بۆیە رێگری لە هاتنی شارستانیەتی رۆژئاوا بەرەو رۆژهەڵات دەکرد، چونکە دەرەبەگایەتی سروشتی وایە رێگرە لە گەشەی پیشەسازی و بازرگانی، هەروەها باجی زۆر و کەمیی سەرمایەداری گەورە و ئەستەمیی هاتوچۆ و نەبوونی ئارامی و دادپەروەری، هۆکارێکی وێرانکەر و رێگر بوون لەبەردەم هێنانی پیشەسازی و پێشکەوتن، نەک ئەمە تەنیا هۆکارێک بوو، بەڵکوو ئاستی نزمی بەڕێوەبردن و توندڕەویی حوکمڕانی، وای کردبوو ژیانی گەلانی ژێردەستە لە زۆر رووەوە دوا بکەوێت و لە ئاستێکی نزمدا بێت. بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی، بەشی کورد لە دواکەوتن، زیاتریش بوو لە بەشی برا عەرەبەکان لە سەدەی

نـۆزدەوە و لـەبـەر هـەمـان هـۆكـار. دەبینین لە وڵاتانی رۆژئـاوا چەندین رەوت و بزووتنەوەی جیـاوازی پێشكەوتنخواز دروســت بـووبـوون، بەڵام لەو سەردەمەدا وڵاتانی رۆژهـەڵات لە نێو تاریكی و شـەوەزەنـگی نەزانین و خورافیاتدا دەژیـان، جگە لە میسر و سووریا كە هەندێك لە رووناكیی شارستانیەتیان پێ گەیشتبوو. دەبینین وڵاتـی میسر هەموو تواناكانی تەرخان كردبوو بۆ ئـەوەی مۆتەكەی كۆنەپەرستی لەسەر خۆی و گەلی عـەرەب لاببات، كە لە كەسی سوڵتاندا خۆی دەبینییەوە. ئەگەر بهاتایە و كۆلۆنیالیزمی رۆژئاوا دەستێوەردانی نەكردبایە، ئەوا هەوڵەكانی سەركەوتوو دەبوو.

بەم شێوەیە ئەم دۆخە تا سەرەتای سەدەی بیستەم بەردەوامبوو، لەو سەردەمەدا رەوتی فكری و شۆڕشی كۆمەڵایەتی لە رۆژئاوا بەهێزتر بوو، ئیتر پیاوە نەخۆشەكە چیتر نەیتوانی رێگری بكات لە هاتنی ئەو رەوتانە كە سنوورەكانی رۆژهەڵاتی چەقبەستوو نەبڕێت. ئیتر ئەم رەوتە جۆراوجۆرانە سنوورەكانی وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییان بڕی و بڵاوبوونەوە، بیرۆكەكان گەلانیان بەئاگا هێـنـایـەوە بـۆ دەسـتـكـردن بـە چاكسازییـەكـی

گشتگیر، هەروەها گەلانی ژێر دەسەڵاتی سوڵتانی ئاگادارکردەوە کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی، ئەرکێکی پیرۆزە، هاوشێوەی یۆنان و بولگاریا کە لەپێناو سەربەخۆییدا دەیکەن.

بەڵێ، بیرۆکەکانی ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی، بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دزەیان کرد، بەڵام زۆر درەنگ بوو، چونکە کاپیتالیزمی رۆژئاوا گەشەی کردبوو و گەیشتبووە ترۆپکی؛ سووتەمەنی دەویست بۆ کارگەکانی، بازاڕ بۆ کاڵاکانی، شوێن بۆ وەبەرهێنانی سەرمایەی گەورە… هەموو ئەمانە بەئاسانی لە وڵاتانی پیاوە نەخۆشەکەدا دەستدەکەوتن. کێبڕکێی نێوان وڵاتانی سەرمایەدار گەیشتبووە ئەوپەڕی و جیهان سەرقاڵی کۆکردنەوەی سووتەمەنی بوو بۆ شەڕی جیهانی، لەکاتێکدا پرەنسیپەکانی شۆڕشی فەرەنسی، شۆڕشی ١٧٨٩، تازە بڵاودەبووەوە لە نێوان گەلانی عوسمانیدا. بزووتنەوەی رزگاریخواز تەنیا لایەنێکی نەدەگرتەوە و لایەنێکی تر نا، چونکە ستەمکاریی حکومەتی باب عالی[٥]

[٥] الباب العالي، بارەگای حکومەتی عوسمانی بووە، پێشتر پێی وتراوە (دیوانی همایۆن) یان (دیوانی سوڵتانی). لەلایەن محەمەد فاتیحەوە دامەزراوە دوای ئەوەی دەسەڵاتی

فراوان بووبوو و هەموو لایەنەکانی دەگرتەوە. گەنجانی تورک، ئەوانەی کاریگەری رۆشنگەرایی رۆژئاوایان لەسەر بوو و بەقووڵی لە بیرۆکەکانی ئـازادی و برایەتی و یەکسانی تێگەیشتبوون، بەرگەی ئەو هەموو ستەمەیان نەدەگرت، بۆیە بڕیاریان دا بە هاوکاریی لایەنە غەیرە تورکەکان، سیستمی حوکمڕانی بڕووخێنن و بیگۆڕن. کتێبی (القضیة السوریة) ل٤٥. بەهەماهەنگیی لایەنەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، بزووتنەوەی کودەتای ساڵی ١٩٠٨ سـەرکـەوت و خەڵک بە جۆش و خـرۆشـەوە پێشوازییان لـە دەسـتـووری نوێ دەکرد.

پـاشـان ئـەنجومـەنی نـوێـنـەرانـی عوسمانی دامـــەزرا و نـوێـنـەرانـی لایـەنـە جـیـاوازەکـانـی عوسمانی، کورسییان بەدەستهێنا. بەهیوایەکی زۆرەوە هاتن بە ئامانجی هاوکاریکردن لەگەڵ ئازادیخوازانی تورک بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ستەمەکانی رژێـمـی ستەمکار، هـیـواداربـوون حکومەتێکی دەستووریی دادپەروەر دابمەزرێت کە جیاوازی لە نێوان لایەنەکاندا نەکات (ل٤٩ لە

---

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەشێوەیەکی بەرچاو فراوان بووە...

وەرگێڕ.

کتێبی ثورة العرب لأسعد داغر)، بەڵام هیچ شتێک لەمانە رووی نەدا.

گەنجە خوێنگەرمەکانی تورک، بە سەرکەوتنیان بەسەر نەیار و پیاوانی سوڵتاندا سەرخۆش بووبوون، بەرەو ئامانجی دوورتر بە گەڕاندنەوەی دەستوور و بانگەشەی یەکسانیی نێوان پێکهاتەکان دەڕۆیشتن، ئەم ئامانجە گۆڕا و بووە ئەوەی دەبێت نەتەوەی تورک باڵادەست بێت و دەسەڵاتی بەسەر لایەنەکانی تری عوسمانیدا هەبێت لە بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵی حکومەتدا. ئەو ئیتیحادییانە، بینیبوویان بزووتنەوە ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی ئەوروپا چییان کردووە و تژی بوون بە رۆحیەتێکی دەمارگیرانەی توندڕەو.

کاتێک ئیتیحادییەکان لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە تورک نەبوون، بەتایبەتییش عەرەبەکان رێککەوتنیان کرد و ئەو لایەنانەش هاوکاربوون بۆ رووخاندنی سیستمی حوکم بەهیوای سەربەستی و یەکسانی؛ ئەوا هەڵوێستی پیاوانی سەرسەختی تورکیا روون بوو، زۆر روون بوو، پێویستی بە نەرمی و وردبینییەکی زۆری سیاسی هەبوو بەرانبەر ئەو لایەنانە. ئەو دۆخە، دەرفەتێکی لەباربوو بۆ ئیتیحادییەکان بۆ واژۆکردنی ئەو

ڕێککەوتننامەیە بۆ ئەوەی نەهێڵن هیچ هێزێکی دەرەکی بۆشاییەک بدۆزێتەوە و دزە بکات و بچێتە نێوانیان، نوێنەرانی پێکهاتە جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، جیابوونەوەیان لە دەوڵەت لەبیرکردنەوەیاندا نەبوو، بەڵام تورکە لاوەکان وەک کەسانێکی خاوەن دەسەڵات هەڵسوکەوتیان دەکرد و دەیانویست کاروباری سیاسی و ئیداری بەدەست خۆیانەوە بێت و خەڵکی تر گوێڕایەڵیان بن و گوێیان بۆ لایەنەکانی تر نەدەگرت. ئەوەیان نەکرد کە لایەنەکان چاوەڕوانی بوون، کە یەکسان بن لە هەموو بڕیارێکدا. لە هەمان کاتدا ئیتیحادییەکان لە سیاسەتیاندا بەرەو بەکارهێنانی هێز ڕۆیشتن، کەوتنە ڕێککەوتننامە و وەرگرتنی قەرزی دەرەکی و خەرجکردنی لە هێزی سەربازیدا و لێدانی پێکهاتەکانی عوسمانیی غەیرە تورک ئەگەر هەر بزاوتێکیان لێ دەربکەوتایە. کتێبی (القضية السورية).

کەوتنە پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەتورککردن و لەناوبردنی بچووکترین هەڵوێستی نەتەوەیی و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی تۆرانی و زیندووکردنەوەی شکۆمەندیی جەنگیزخان و

تەیمووری لەنگ و گەڕاندنەوەی سەردەمی گورگەبۆر... کتێبی (ثورة العرب الكبرى ل٣٢٢)[٦].

نووسەری تورک، جەلال نوری، کتێبێکی بەناوی (مێژووی ئاییندە) نووسیوە، تێیدا دەڵێت: "دەبێت حکومەت سوورییەکان ناچار بکات وڵاتیان جێبهێڵن، هەروەها یەمەن و حیجاز بکەنە کۆلۆنییەکانی تورکیا بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی زمانی تورکی و پێویستە ببێتە زمانی ئایین. ناچارین بۆ ئەوەی پارێزگاری لە کیانی خۆمان بکەین، دەبێت وڵاتانی عەرەب بگۆڕین بە وڵاتانی تورک، چونکە لاوانی عەرەبیی سەردەم، هەستی ناسیۆنالیستیی توندڕەوانەیان لا دروستبووە و لە دوارۆژدا دەبنە هەڕەشە و کارەساتێکی گەورەمان تووش دەکەن، بۆیە دەبێت خۆمانی

[٦] مێژوونووسی دیاری عەرەب، ئەمین سەعید، لە ساڵی ١٩٣٣، واتە هەژدە ساڵ دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی گەورەی عەرەبی ئەم کتێبەی نووسیوە، هۆکاری سەرەکیی نووسینی ئەم کتێبە، ئەوە بووە کە لەو سەردەمەدا هیچ سەرچاوەیەکی عەرەبی نەبووە ڕووداوە گرنگەکانی لە بابەتی؛ گۆڕینی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەرەو دەوڵەت، ناسیۆنالیزمی تورک دوای ئەوەی ئیتیحادییەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست لە دوای پاشەکشەی سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید، سەرهەڵدانی دەوڵەتە عەرەبییەکان لە سوریا، عیراق و نیمچە دوورگەی عەرەبی... دۆکیۆمێنت بکات... وەرگێڕ.

بۆ ئامادە بکەین.“ کتێبی (ثورة العرب الکبری ل٥٦).

ئەمە ئەو جۆرە سیاسەتە بوو کە ئیتیحادییەکان بەرانبەر عـەرەب و کـورد و پێکهاتەکانی تری عوسمانی پەیڕەویان دەکـرد، ئەو لایەنانەی کە هاوکاریان بوون بۆ دەسـەڵات گرتنەدەست، بەم شێوەیە پاداشتی خۆیان وەرگرتەوە.

کاتێک ئەم لایەنانە بۆیان روونبووەوە ئامانج و ئاواتەکانیان بووەتە خەونێکی بەدینەهاتوو و ناتوانرێت لەگەڵ تورکەکان بگەنە لێکتێگەیشتن، بـە ئیرادەیـەکی پۆلاییینـەوە بڕیاریاندا چەند ئەنجومەنێکی نیشتمانی دروستبکەن و خەبات بکەن لەپێناو بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانیان. کـەوتنـە دروسـتـکـردنـی ئـەنـجـومـەن و یانەی نـەتـەوەیـی لەپێناو داواکـردنـی مافەکانیان و دەستەبەرکردنی داواکارییە نەتەوەییەکانیان، بە رێگەی ئاشتی و شـەرعی و لە سنووری یاساکاندا. دواتر بە هەوڵی نوێنەرانی عەرەب، کورد، ئەرمەن و ئەلبانی (حزبی هاوپەیمانی)یان دروستکرد، کە بە مەبەستی کۆکردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی عوسمانی بوو. بە دروشمی برایـەتی، ئـازادی، دادپـەروەری، یەکسانی و

دژایەتیی ئیتیحاد لە سیاسەتی بێباکانەی ناسیۆنالیستییاندا.

پەیوەندیی کورد و عەرەب لەو کاتەدا لەوپەڕی دۆستایەتی و برایەتیدا بوو، ئەوەی پەیوەندییەکەیانی توندوتۆڵتر کردبوو؛ بوونی فاکتەرێکی هاوبەش لە نێوانیاندا بوو، کە وای کردبوو هاوکار و پشتیوانی یەک بن لە بەرەنگاربوونەوەی دوژمنە هاوبەشەکەیان. ئامانج و مەبەستیان یەک بوو، کە هەر لایەکیان دەیانویست گەلەکەیان لەژێر دەسەڵاتی بێگانە رزگار بکەن و بەدوای بەختەوەریی گەل و وڵاتەکەیاندا عەوداڵ بوون، هەر بۆیە چەندین جار روویداوە گەنجێکی کورد ببێتە ئەندامی ئەنجومەنێکی عەرەبی و وەک برا عەرەبەکانیان هەوڵی ئازادکردنی عەرەبیان داوە.

## له جەنگی جیهانیدا

ئاگری جەنگی جیهانیی هەڵگیرسا و عەرەب لە بەڵێن و ناداپەروەری و ستەمکارییەکانی تورک بێزاربوون، بۆیە چوونە بەرەی هاوپەیمانانەوە لەپێناو سەربەخۆییدا، کە ئەو بەڵێنەیان پێ دابوون، بەڵام وەک چاوەڕوان دەکرا، هاوپەیمانان بەڵێنەکانیان نەبردەسەر و کەوتنە دابەشکردن و وڵاتەکانی عەرەبی کران بە وڵاتانی ئینتیداب و ناوچەی کاریگەر، ئەمە جگە لەو ڕووداوانەی خوێنەران دەیانزانن.

سەبارەت بە هەڵوێستی کورد بەرانبەر تورک لە جەنگی جیهانیدا، جیاوازبوو لە هەڵوێستی عەرەب، بەهۆی هەڵەی خۆشباوەڕیی بە دەسەڵاتی عوسمانی و پشتبەستن بە بەڵێنە رازاوەکانیان، هەروەها وابەستەیی لە رادەبەدەریان بە خەلافەت و کاریگەریی پروپاگەندەی ئایینی، کە حکومەت لەو سەردەمەدا بڵاوی دەکردنەوە. بەدرێژایی ساڵانی شەڕ پشتیوانیان بوون و گرنگییان بە بانگەشەکانی هاوپەیمانی نەدەدا و بایەخیان بە هۆشدارییەکانی هەندێک لە نیشتمانپەروەرە کوردەکان نەدەدا، کە زانیارییان لەسەر نیازی خراپی دەوڵەتی تورکیا هەبوو.

دڵسۆزبوون نەک تەنیا لە بەرگریکردن لە خەلافەت، بەڵکوو بەرگریشیان لە ئەنادۆڵ کرد لە

بەرانبەر هێرشەکانی یۆنان. سولەیمان نەزیف لە وتارەکەیدا لە رۆژی پرسەی ”سەربازی ون“، ئاماژە بە گرنگیی بوونی کورد لە بەرگریکردن لە تورکیا و بەشداریکردنیان لە شەڕی بەناوبانگی ساکاریا دەکات و دەڵێت ”ئەگەری زۆرە ئەم سەربازە، سەربازێکی کورد بێت“.

یۆنانییەکان لەو وڵاتە دەرکران، هیچ هەڕەشەیەکی دەرەکییان لەسەر نەما، کوردەکان داوایان لە حکومەتی تورکیا کرد بەڵێنەکانیان جێبەجێبکەن، ئەو بەڵێنانەی دابوویان بە کورد، جیابوونەوە و سەربەخۆیی نەبوو، تەنیا مافە سروشتییە هەنووکەییەکان بوو بۆ لێکتێگەیشتن و هاوکاریی نێوان هەردوو گەل. داواکارییەکەیان مامەڵەی یەکسانی بوو لەگەڵ تورک، بەڵام وەڵامی حکومەتی تورکی بۆ ئەو داوا رەوایە بە سیاسەتی چەوتانە بوو، هەروەک ئەزموونەکانی پێشوو، نەخۆشی و گەندەڵییەکانیانی سەلماندەوە، کە ئەویش سیاسەتی بەتورککردن بوو وەک چۆن ئیتیحادییەکان پێشووتر پەیڕەویان کردبوو، ئەمەش گەلانی تری عوسمانیی تووڕە کرد و بووە هۆی دوژمنایەتی و ناتەبایی لە نێوان لایەنەکانی دەوڵەت. پێویست ناکات ئەم سیاسەتە نەگریسە بۆ عەرەب روون بکرێتەوە، عەرەب زۆریان لەو تاڵییە چەشتووە.

## ڕۆڵی شۆڕشەکان

کورد، لە ئەگەری بەدەستهێنانی بچووکترین داواکاری بە شێوازی ڕێگەپێدراو لە حکومەتی تورکیا بێ هیوا بوو، لە مامەڵە توندەکانی بێ هیوا بوو، هیچ دەرفەتێکیان لەبەردەم نەمابوو، بەناچاری ڕوویانکردە شۆڕش؛ پەناگەی گەلانی چەوساوە، مایەی شەکەتی، هەڵگری ئاڵای ئازادی و ڕزگاریی نوقمبوو لە خوێندا.

کورد ڕاپەڕینی کرد، هەوڵیدا ئەو داواکارییە ڕەوایانەی بە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستان بەدەستی نەهێنا، ئەوا بە زەبری هێز بەدەستی بهێنێت، بەڵام چۆن خاوەن پرسێکی ڕەوای بێ پشتیوان دەتوانێت بەرەنگاری دوژمنێکی دڕندە ببێتەوە! لەگەڵ ئەمەش، ئەگەر هاوکاریی وڵاتانی تر نەبوایە بۆ حکومەتی تورکی و لە هەموو لایەکەوە دەرگا بە ڕووی شۆڕشگێڕاندا دانەخرایە و یارمەتیی مادی و مەعنەویی حکومەت نەدرایە، ئەگەر حکومەت هەموو ڕێگەیەکی دڕندانە و توندوتیژانەی بەکار نەهێنایە بۆ لەناوبردنی شۆڕشی ڕزگاریخوازانە... بەڵێ، ئەگەر ئەو هەموو هەلومەرجە سەختە نەبووایە، ئەوا کورد بەهۆی باوەڕیان بە مافە ڕەواکانیان

و قارەمانێتییان لە بەرەکانی جەنگ، بەس بوو بۆ سەرکەوتنیان.

بۆ ئەوەی تاوانە دڕندانەییەکانی حکومەتی تورکی کە بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشەکان ئەنجامی دەدا پیشانی خوێنەرانی بدەین، پەرەگرافێک لە کتێبی (ئەتاتورک) وەردەگرین، کە تازە بە زمانی عەرەبی چاپکراوە. بەو شێوەیە دەتوانین خۆمان لە تۆمەتی لایەنگری رزگار بکەین، لەکاتێکدا ئەم کتێبە پروپاگەندە بۆ حکومەتی تورکیا دەکات لە نێو عەرەبدا.

نووسەر دەڵێت:

"بەڵێ، سوێند بە خوا، کورد شکستی هێنا و لەناوبردنیان ئەستەم و مەترسیدار بوو! فڕۆکەکان لە ئاسمانەوە کاولکارییان بەسەردا دەکردن، تۆپەکان لە لوولەکانیانەوە گڕیان دەباراند، تفەنگەکان ئاگریان دەهاویشت، شمشێرەکان سەریانی دەپەڕاند، خەنجەرەکان سکیانی هەڵدەدڕی، چل هەزار سەرباز بە وتارە ئاگرینەکەی کەمال لە وڵاتی کوردان گڕیان گرت و لە گردێکەوە بۆ گردێکی تر و بۆ دۆڵەکان

بازیان دەدا و دادەبەزین و خەڵکیان دەکوشت، گوندەکانیان دەسووتاند...

لە ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٥، خۆر لەسەر سێدارەکان هەڵهات کە پەتەکانی پێدا شۆڕبووبووەوە و تەرمی ٤٥ سەرکردەی کورد پێیانەوە جۆلانەیان دەکرد.

لە کۆتاییشدا، ئەوەش شێخ سەعید، گەورەترین سەرکردەیان بەزەردەخەنەوە بەرەو پەتی سێدارە نزیک دەبێتەوە... (ل١٤٤)".

چ دیمەنێکی نایاب و سەرنجڕاکێشە! چ قارەمانێتییەکی نەمرانەیە! چۆن رووی پەڕەی ئەو کتێبە لەشەرما سوور هەڵناگەڕێت کە ئەو هەموو تاوانە دڕندانەیان لەسەر تۆمار دەکرا...

چ شکۆمەندییەکە! ئایا دەیانبینن چۆن شانازیی بە سووتاندنی گوندە بێوەیەکان و هەڵدڕینی سکی ژنی دووگیان و پەڕاندنی سەری خەڵکی بێتاوانەوە دەکەن... بەڵام چار نییە، بێگومان سەربەخۆیی دەبێت قوربانیی بۆ بدرێت.

## گریانی ستەملێکراو و ژاوەژاوی ستەمکار

حکومەتی تورکیا بەرانبەر بە شۆڕشەکانی کورد، تەنیا بەکردەوە بێئابڕوو و دڕندەییەکانییەوە نەوەستا، بەڵکوو هەموو توانایەکی بەکار دەهێنا بۆ شێواندنی راستییەکانی شۆڕش و سەرچاوەکانی ناشیرین و پیس کردبوو، لەبەردەم جیهانی دەرەوە بەرگی کۆنەپەرستیی بە باڵادا پۆشیبوو.

شۆڕشگێڕانی بە چەتە و ڕێگر و یاخیبوو و دەروێش ناوزەد دەکرد، شۆڕشەکەش بە ئاژاوەگێڕییەکی کۆنەپەرستانە، کە ئامانجی رووخاندنی حکومەتی شارستانی و گەڕاندنەوەی حوکمی خەلافەتە... هەروەها شۆڕشەکەیان بۆ پڕوپاگەندە و پارەی بیانی و زێڕی ئینگلیز دەگەڕانەوە! لەگەڵ چەندین جۆری تر لەو تۆمەتانە.

ئێمە خۆمان بە وەڵامدانەوە سەرقاڵ ناکەین، رۆژگار باشترین وەڵامی داونەتەوە، بەڵام دەپرسین: ئایا دەسەڵاتداران بەردەوام تانەیان لە شۆڕشگێڕان نەداوە و ناوزەدیان نەکردوون بە یاخیبوو و لە یاسالادەر و تاوانبار و خوێنڕێژ؟

ئایا هەموو بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی، لە دیدی دەسەڵاتداراندا بزووتنەوەیەکی تێکدەر و کۆنەپەرست و پیلانگێڕ و پڕوپووچ و بەدڕەوشت نەبووە؟

کام دەسەڵاتی ستەمکار و تاکڕەو، شۆڕشەکانی گەڕاندووەتەوە بۆ سیستمە داپڵۆسێنەرەکەی و نەیگەڕاندووەتەوە بۆ پیلانی وڵاتانی بیانی و کارکردنی دەستێکی شاراوە لە پشت پەردەوە؟

ئەوان خۆیان سەرکردەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی تورکیا بوون (سەرکردەکانی حکومەتی تورکیا و کۆڵۆنیالی ئەمڕۆ) و بەرگرییان لە وڵات و مافەکانیان دەکرد بەرانبەر بە پەلاماردەرە بێگانەکان، ئایا دوژمن پێی نەدەوتن چەتە و یاخین؟ ئایا خەلیفە بە تۆمەتی یاخیبوون سزای لەسێدارەدانی بۆ مستەفا کەمال دەرنەکرد؟

ئایا رۆژنامەکانی کۆڵۆنیالیست، بزووتنەوەکەیانی بە بزووتنەوەیەکی تالانچی و دز و سەرکردەکانیشی بە سەرۆکی باند و چەتەکان وێنا نەدەکرد؟

ئایا وڵاتانی کۆڵۆنیالیزم، هۆکاری بزووتنەوە

ڕزگاریخوازەکەیان نەدەگەڕاندەوە بۆ پیلانی دەرەکی و دەیانوت ئەوان پیاوی بێگانەن و بە پارە و چەک یارمەتییان دەدەن؟

**شۆڕشێکی کۆنەپەرستانە!**

ئـەوان دەڵێن شۆڕشەکانی کـورد هـەمیشە شۆڕشی ئایینی و کۆنەپەرستی بوون، ئامانجیان گەڕاندنەوەی خەلافەت و سەردەمی دەروێشەکان بووە. ئێمەش دەڵێین ئایا شۆڕشەکەی مستەفا کەمال لە سەرەتای دەستپێکردنی، ئایینیی نەبووە بۆ دەرکردنی کافرەکان؟ ئایا ئەو کەسە نەبوو کە لە ئەرزڕۆم بە خەڵکی دەوت کە جێگر و نوێنەری خەلیفەیە و هاتووە رایبگەیەنێت شەڕی جیهادی و ئایینی دەستیپێکردووە و هانی خەڵکەکە بدات کە ”راپەڕن لەپێناو شکۆمەندیتان و بەرگری لە خاک و ئایینەکەتان و شـەرەف و ناموستان بکەن، خۆبەخشانە بچنە ناو هێزی گەلەوە بە مەبەستی سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکانتان و دوژمنی ئیسلامدا“... پاشان گوێ بگرن چۆن کۆتایی بەو وتارە هێنا کە بۆ ئەندامانی کۆنگرە لە سیواس دەیخوێندەوە، ئەوکات سەرەتای بزووتنەوەکە بوو:

"لەکۆتاییدا، دەپاڕێمەوە لە بەخشەری ئومێدەکان، کە گەلەکەمانی لەبیر نەکردووە کە بەرگری لەم نیشتمانە پیرۆزە و لە ئایینی ئەحمەدی ڕێزدار کردووە -تا قیامەت بەرگرییان لێ دەکەین- خوای گەورە و پیرۆز پێگەی خەلیفە و سوڵتاننشینی لەبیر نەکردووە. لە خوا دەپاڕێمەوە بەرەو سەرکەوتن و سەرفرازیمان ببات، دوای ئەوەی بەرپرسیارێتیمان گرتە ئەستۆ لەپێناو بەرگریکردن لە مافە زەوتکراوە پیرۆزەکانمان -ئامین-." کتێبی (کەمال ئەتاتورک ل٧٢).

ئایا شێخ سەعیدی ڕابەری بزووتنەوەی دەروێشەکان و سەرکردەی شۆڕشی کۆنەپەرستی!! زیاتر یاریی بە هەستی ئایینی خەڵک دەکرد و هەڵیدەخەڵەتاندن و هەلپەرستتر بوو لە مستەفا کەمالی ڕابەری بزووتنەوەی سەربەخۆیی و ڕابەری شۆڕشی عەلمانی؟!

ئایا لە ڕاستیدا مستەفا کەمال بەرگری لە ئایین و خەلافەت دەکرد، یاخود وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕزگاریی بەکاری دەهێنا؟

ئەگەر ئەمە واقیع بوو، ئەی بۆ ناتوانن مەزەندە بکەن کە سەرکردەکانی شۆڕشی کوردیش

هەستی ئایینییان لای خەڵک وروروژاندبێت لەپێناو راکێشانی رای خەڵک بە لای خۆیاندا بۆ خەباتکردن لەپێناو مافە زەوتکراوە پیرۆزە رەواکانیان، بۆچی نەیاندەویست لەمە تێبگەن، ئەنجامی دادگەییکردنی سەرکردەکانی شۆڕش ئەمەی پشتڕاست کردەوە، کە حکومەت ئەو رێگەیانەی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشەکان پەیڕەو دەکرد بۆ لەناوبردنی هەموو شتێکی کوردی، نەک هەموو شتێکی کۆنەپەرستی؟ پاشان ئەگەر شۆڕشەکان دواکەوتوو و ئایینی بووبن، کورد لەو گۆڕەپانەدا تەنیا نەبووە ئەم کارە بکات و پشتیوانی لە کۆنەپەرستی و ئایین بکات.

ئایا لە نێو توركدا باوەڕدار نەبوو پشتیوانی لە خەلیفە بکات؟ چۆن شۆڕشەکان لە هەمان کاتدا سەربەخۆییخواز و کۆنەپەرست و ئایینی بوون؟[7]

هەموو ئەمانە ئاماژەیەکی روونە کە ئەم شۆڕشانە بەهیچ شێوەیەک کۆنەپەرست نەبوون، تەنیا مەگەر داواکاریی خەڵک بۆ مافەکانیان بە

---

٧ بڕیاری دادگەکانی ئیستیقلال، لە کاتی خۆی لە ژمارەکانی رۆژنامەی (الوقت)ی توركی بڵاوبووەتەوە... نووسەر.

دادگەکانی ئیستقلال، لە توركیای نوێی عەلمانیدا بۆ مەبەستی پاکتاوکردنی نەیارانی عەلمانیەت پێکهێنرابوون... وەرگێڕ.

کۆنەپەرستی هەژمار کرابن. لای تەماشاکەرێکی خاوەن ویژدان شاراوە نییە کە ئەم شۆڕشانە لە ریزبەندی شۆڕشە رزگاریخوازە پیرۆزەکانی گەلانی ژێردەستەن کە بۆ رزگاربوون لە دەسەڵاتدارەکانیان ئەنجامیان داوە.

کردەوەکانی حکومەتی تورکی بەرانبەر بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەڕوونی یەکێک لە دژیەکییەکانی ناسیۆنالیستەکانمان (بە مانا تەسکەکەی) پیشان دەدات، دەبینین ئەو نەتەوەیەی لە کاتی خەباتیان دژ بە کۆلۆنیالیزم پشت دەبەستن بە تیۆرییەکانی مافی چارەی خۆنووسین، سەروەریی گەل، پێویستیی خۆبەڕێوەبەری گەل، بەڵام هەر کە سەرکەوتنی بەدەست هێنا، چیتر دان بە پیرۆزیی ئەو مافانەدا بۆ گەلانی تر نانێت و دەبینین دەکەونە راوەدوونانی ئازادیخوازانی گەلانی جیاواز لە خۆیان، ئەوانەی وابەستەی ئەو پرنسیپانەن، دەیانخەنە زیندان و لە زێدی خۆیان دووریان دەخەنەوە و حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێنن، ئەوە لەبیر دەکەن کە تا ئێستا پشت بەو یاسا بنەڕەتییانە دەبەستن بۆ سەروەری و پارێزگاری لە کیانی خۆیان.

## کۆڵۆنیالیزم رزگاری دەکات

حکومەتی تورکیا تەنیا بەوە نەوەستایەوە تانەی کۆنەپەرستی بخاتە پاڵ شۆڕشی کورد، بەڵکوو زێدەڕۆیی کرد و وتی ئینگلیز بە پارە و چەک یارمەتییان دەدات!

ئای چ پروپاگەندەیەکی گاڵتەجاڕانە و درۆیەکی ئاشکرایە! ئەو کوردانەی کە حکومەتی تورکیا تۆمەتیان دەداتە پاڵ و دەڵێت ڕاپەڕیون لە دژی حکومەتی کەمالییەکان بۆ پشتیوانیی ئایین و دژایەتی پێشکەوتن و گەڕاندنەوەی خەلافەت، ئێستا دەڵێت لە دەوڵەتانی بیانی نزیکدەبنەوە و داوای پشتیوانی و هاوکاری لە کافرەکان دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئیسلامییەکەیان!

نازانین ئەمانە بە چ ئاوەزێکەوە شۆڕشی ئایینی و هاوکاریی ئینگلیز بەیەکەوە کۆدەکەنەوە...

لە عورفی سیاسەتدا هەموو شتێک دەشێت! بەڵام ئەگەر راستگۆن فەرموون بەڵگەکانتان بخەنەڕوو[8]... ئەم بۆچوونە لە سیاسەتدا تازەیە، دەبینین ئینگلتەرا گەورەترین وڵاتی کۆڵۆنیالیزمە

[8] لێرەدا نووسەر بەمەبەست ئەو بەشەی ئایەتی ١١١ سورەتی بەقەرەی بەکارهێناوە (هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ)... وەرگێڕ.

لەسەر گۆی زەوی[٩] و دێت و دەستی یارمەتی بۆ گەلێکی ستەملێکراو و داگیرکراو درێژ دەکات. ئینگلتەرا! ئەو ئینگلتەرایەی سەدان ملیۆن مرۆڤ لەژێر دەسەڵاتە داگیرکارییەکەیدا دەناڵێنن و دەچەوسێنەوە، دێت پشتیوانیی کورد دەکات و پارە و چەکیان دەداتێ!!!

نووسەری ئەڵمانی، داگۆ بێرت، لە کتێبێکیدا بەناونیشانی (مصطفی کمال: المثل الاعلی) کە وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، دەڵێت:

گومانی تێدا نییە شیوعیەت لە پشتی پەردەوە یاریی خۆی دەکرد و وای کردبوو تاڕادەیەکی مەترسیدار لە ناوچەکانی رۆژهەڵات نائارامی دروست ببێت، بەڵام بزووتنەوەکەیان بێبەزەییانە سەرکوت کرا، دادگەکانی شۆڕش چالاکییان دەستپێکرد و ژمارەیەکی زۆر لە ئەرزڕۆم و ترابزوون و ناوچەی تر سزای لەسێدارەدان و زیندانییان بۆ دەرکرا..." (ل٣٦٥).

ئەمەش بۆچوونێکی تازەیە دەربارەی هۆکارەکانی شۆڕشە کۆنەپەرستییەکانی کوردەکان!

---

٩ سەیری مێژووی شۆڕشی کورد بکە... نووسەر.

ئێستا با لە ڕەتکردنەوەی ئەم بوختانانە دووربکەوینەوە، کە لەسەر بنەمای بەڵگە و واقیع و لۆژیک نین و بپرسین: کێ کوردی ناچارکرد داوای یارمەتی لە بیانییەکان بکات (ئەگەر داوای یارمەتییان لە کەسێک کردبێت)؟ ئایا ستەم و نادادپەروەریی دراوسێ و نزیکەکان و چەوساندنەوەیان و داننەنان بە مافی ژیان نەبووە؟ پاشان کام گەل پشتی بە هاوکاریی دەرەکی نەبەستووە لە خەباتیان دژ بە داگیرکەرانیان؟ ئایا خودی بزووتنەوەی تورکە سەربەخۆییخوازەکان پشتیان بە هاوکاریی رووسیا نەبەست، کە هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ سەرکەوتنیان؟ ئەوا گریمان ئەگەر داوای یارمەتییان لە بیانییەکان کردبێت، هەرچەندە هیچ بەڵگەیەکی راستی لەپشتەوە نییە، ئایا دەتوانرا ئەو شۆڕشە مەزنە خوێناوییانە سەرکوت بکرانایە ئەگەر لە پشتیانەوە ئاڵتوونی ئینگلیز و چەکی ئینگلیز (وەک دەڵێن) هەبوایە؟ یاخود با بڵێین ئەگەر یارمەتی ئینگلیز بۆ تورک نەبوایە، دەیانتوانی گڕی شۆڕشەکان کپ بکەن؟

ئێمە نکۆڵی ناکەین لەوەی کۆلۆنیالیستەکان شارەزایی باشیان هەیە لە ئاوی لیڵدا ماسی بگرن، رەنگە حکومەتی ئینگلیز لەم جۆرە شۆڕشانەی بە دڵ بووبێت، رەنگە لە نێو شۆڕشەکاندا سیخوڕ و چاوساغیان هەبووبێت، رەنگە لە نێو سەرکردەکانی بزووتنەوەکاندا شوێنکەوتووان و لایەنگرانی ئینگلیز هەبووبن، بەڵام هەموو ئەمانە پێچەوانەی راستیی واقیعێکن؛ ئەویش جەماوەری کورد هەموو ئامادەییەکی تێدا بوو بە گیان و بە رۆح و بە هەرچی بەهای هەیە لای، بیکاتە قوربانیی لەو رێگە مەترسیدارە دۆزەخییەدا و بەو هەموو قارەمانێتی و بوێرییە کەموێنەیەی، بۆ پاراستنی قەوارە هەڕەشەلێکراوەکەی و مافە زەوتکراوەکانی بجەنگێت، نەک لەپێناو دابینکردنی بەرژەوەندیی ئینگلیز و فەرەنسا، وەک خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن.

لەسەر ئەم بابەتە، بەڕاشکاوانە دەڵێین زۆرینەی سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی کورد، کەسی دڵسۆز بوون بۆ رێبازەکەیان، بەدوای دەوڵەمەندی و ماڵی دنیاوە نەبوون و بە هیچ پروپاگەندەیەک فریویان نەخواردووە.

هێزی بزووتنەوەکانیان لە جەماوەری کورد و چەوساندنەوەی حکومەتی تورکیاوە وەرگرتووە، پیاوی هیچ وڵاتێکی بێگانە نەبوون و یارمەتییان لێ وەرنەگرتوون و خواستی خۆشیان نەبووە بۆ شۆڕشکردن، بەڵکوو بەهۆی خراپیی مامەڵەی حکومەتی تورکیا و نکۆڵی لە مافەکانی کورد و گوێنەگرتن لە داواکارییە رەواکانیان و بەردەوامبوونیان لە سیاسەتی چەوتی توندڕەوی بەرانبەر بە لایەنە غەیرە تورکەکان بووە.

## عەرەب پاڵپشتیی کورد دەکەن

پەیوەندییەکانی عەرەب لەگەڵ کورد لەم کاتە سەختەدا، وەک پەیوەندییەکانی قۆناغی پێشووتر وایە؛ هاوخەم، هاوسۆز و هەستپێکردنێکی قووڵ بە پەیوەندیی مێژوویی و کولتووری.

وەک ئەوەی لێیان چاوەڕوان دەکرا، لەو دۆخەدا عەرەب پشتگیریی کوردیان کرد و هاوسۆزیی خۆیان بۆ پرسی کورد دەربڕی و پشتیوانی داواکارییە رەواکانیان بوون. بڵاوکراوە عەرەبییەکان داوایان لە حکومەتی تورکی دەکرد: بگەڕێنەوە سەر رێگەی راست و دروست و پەیڕەوکردنی رێگەی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن، لەپێناو رێگەگرتن لە خوێنڕشتن و پارێزگاری لەو مافە مێژووییەی نێوان هەردوو گەلی موسوڵمانی دراوسێ بەسەر یەکیانەوە هەیە. هەروەها رێگەگرتن لە داگیرکەران بۆ سوودوەرگرتن لە ناکۆکیی نێوان نەتەوە کەمتواناکان و لەپێناو دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتووی رۆژهەڵاتیی دژ بە کۆلۆنیالیزم... گۆڤاری (الشرق الادنى). لەگەڵ ئەوەش، دەسەڵاتدارانی حکومەتی تورکیا گوێیان نەدا بەم بانگەوازە دڵسۆزانە راستگۆیانەیە و بەهەندیان وەرنەگرت. بێگومانی گوێ لە

ئامۆژگارییەکانی عەرەب ناگرن، ئەوان هەوڵی بێوچان دەدەن بۆ ئەوەی گەلی تورک رقی لە عەرەب بێتەوە و بێز لە کولتوورەکەیان بکاتەوە و بێڕێزی بە ئایینەکەیان بکات، رۆژنامەکانیان هێرشی توندیان دەکردە سەر کولتووری ئیسلامی و تاکی عەرەب، ئەویش بەهۆی بەئاگاهاتنەوە و راپەڕینیان دژی ستەمکارییەکانیان بوو، چونکە چیتر بەرگەی بینینی لاشەی کوڕەکانیان بە پەتی سێدارەوە نەدەگرت.

بەڵێ، گەلی عەرەب داری ئازادییان بە خوێنی گەش ئاو دابوو، ئەوەندە خوێنیان بەخشیبوو کە بەس بوو بۆ ئەوەی گەشەبکات و بەروبوومەکەی بچننەوە:

**وللحرية الحمراء باب　　بكل يد مضرجة تدق**[10]

لەو قۆناغەدا، یارمەتی عەرەب بۆ کورد، تەنیا حەز و ئارەزوویەک نەبوو بۆ ئاشتەوایی نێوان

---

[10] ئەم دێڕە شیعرەی ئەحمەد شەوقی، لە ناوەڕۆکدا هەمان مانای ئەو دێڕە شیعرەی فایەق بێکەسی هەیە کە دەڵێت: داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ، سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ... وەرگێڕ.

کورد و سەرکردەکانی حکومەتی تورکیا، بەڵکوو لەوە تێپەڕی و بەرەو بەرگریکردن لە کورد و پرسی کورد ڕۆیشت، کەوتنە وەڵامدانەوەی تۆمەتە ناڕەواکانی حکومەتی تورک و بەدرۆخستنەوەی درۆ و بوختانەکانیان. تەنیا ئەو کاتە دەتوانیت بەهای ئەو هاوکارییانە بخەملێنیت گەر زانیاریت هەبێت لەسەر ئەوە گەلی کورد بەبێ هیچ جۆرە ئامرازێکی بەرگری خەباتی دژی کۆلۆنیالیزمێکی پڕچەک کرد، کە بە هەموو جۆرە چەکێکی قورس و بە تازەترین ئامرازەکانی پەیوەندی و پروپاگەندەی سەردەمییانە شەڕێکی دۆزەخییانەی دەکرد. شۆڕشگێڕانی کورد بەهۆی چاودێرییەکی توند و گەمارۆدانەوە نەیاندەتوانی دەنگی ناڕەزاییان بگەیەننە دنیای دەرەوە. جا چۆن دنیای دەرەوە گوێیان لە دەنگی ئازارەکانی گەلێکی چەوساوە بێت، لەکاتێکدا داگیرکەری ستەمکار دنیای بە هاتوهاوار و قیژوهۆڕ و بانگەشەی درۆ پڕ کردبوو!

ڕۆژنامەکانی عەرەب چاکەیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ کورد کرد، کە بۆ هەتایە لەبیر ناکرێت. ڕەنگە بووترێت ئەوەی عەرەب بۆ کوردی ئەنجامداوە تەنیا یەکێکە لەو ئەرکە پێویستانەی

لەسەر شانی گەلانی جیهان بەگشتی و گەلانی داگیرکراوە بەتایبەتی، بەرانبەر گەلانی تری چەوساوەی تێکۆشەری ئازادیخواز، رەنگە ئەمە راستییەکی تێدا بێت، بەڵام کوان ئەوانەی ئەم ئەرکە جێبەجێدەکەن؟

ئەمەی خوارەوە پەرەگرافێکە لە گۆڤاری (اللطائف المصورة)[١١] وەرگیراوە، بە ناونیشانی:

**کورد لە پێناو سەربەخۆییدا جارێکی تر شۆڕش دەکاتەوە**

شۆڕشی کورد جارێکی تر لە تورکیا هەڵگیرسایەوە، تورکیا ناچار بوو سوپایەکی زۆر کۆبکاتەوە بۆ شەڕی کورد، کورد لەناو مەتەرێزی شاخەکاندا بوون، گەلی کورد گەلێکی بەهێز و ئازا و چاونەترسن، هەوڵی ئازادی و سەربەخۆیی دەدەن، چەندین شۆڕشیان لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیددا کردووە و دواشۆڕشیان لە ساڵی ١٩٢٥دا بوو، بەڵام سوپای ئەنقەرە توانییان ئەو

---

[١١] گۆڤارێکی وێنەیی مێژوویی میسری بووە، لە ساڵی ١٩١٥ لەلایەن ئەلێکساندەر ماکاریۆسەوە دامەزراوە و لە رۆژانی دووشەممەدا بڵاودەکرایەوە... وەرگێڕ.

شۆڕشە سەرکوت بکەن... کورد جارێکی تر چالاکیی دەستپێکردووەتەوە لەپێناو مافەکانیان و دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەتەوە گوایە کۆلۆنێل لۆرێنسی ئینگلیزی[١٢] دەستی هەبێت لە هەڵگیرسانی گڕی ئەو شۆڕشە و لە نێو کوردە شۆڕشگێڕەکاندا بینراوە و یارمەتی بزووتنەوەکەیان دەدات، بەڵام لە سەرچاوە فەرمییەکانەوە ئەم دەنگۆیە بەدرۆ دەخەنەوە.

ئەمە نموونەیەکی جوانە لەسەر هەڵوێستی گەلان بەرانبەر بە خەباتی رزگاریخوازی گەلانی تر.

ئێستا بە لێدوانێکی کورت کۆتاییمان بە چۆنیەتی پەیوەندیی نێوان عەرەب و کورد لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ هێنا، دان بەوەدا دەنێین ئەوەی کە باسەکەمان کورتە و لە زۆر لاوە کەموکوڕیی بەرچاوی تێدایە، بەڵام کەمی ماوە و پەلەکردن و پیرۆزیی ئامانجەکەمان وای لێ کردین لە پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕییانە چاو

١٢ ئەو لۆرانسەی باسی دەکەن، دکتۆر وایزل بووە، رۆژنامەنووسی ئەڵمانیی ناسراو، کە لەلایەن یەکێک لە کۆمپانیا ئاژانسییەکانی ئەڵمانیاوە نێردرابوو بۆ کوردستان تاوەکوو هەواڵی شۆڕشەکەیان بۆ بنێرێت، بەپێی لێدوانی گۆڤاری (الدنیا المصورة)، ژمارە ١٣٩... نووسەر.

بپۆشین، بەتایبەت کە نامانەوێت کتێبێک لەسەر ئەو پەیوەندییە تێکەڵاو و پێکەوەگرێدراوانەی کە ئەم دوو گەلە دێرینە بەیەکەوە دەبەستێتەوە بنووسین، بەڵکوو مەبەستمان بوو ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی کورت بۆ رابردووی ئەو پەیوەندییانە ئەنجام بدەین بە مەبەستی رێکخستنەوە و پتەوکردنیان بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سوودی لێ ببینین.

## دوژمنایەتی لە نێوان گەلاندا نییە

پێش ئەوەی دەست بکەین بە دەربڕینی رای خۆمان دەربارەی رێکخستنی پەیوەندییەکانی کورد و عەرەب، پێویست دەکات خوێنەران لەو هەڵانە ئاگادار بکەینەوە کە ئەگەری ئەوەی هەیە بکەونە ناویەوە؛ رەنگە هەندێک کەس هەبن لە خوێندنەوەی ئەو رووداوانەی لەپێشەوە باسمان کردوون، وا مەزەندە بکەن ئێمە خراپەمان بۆ گەلی تورکی بەرێز دەوێت و دەمانەوێت دوژمنایەتییان بکەین. خودا نەکات ئێمە لەو ئاستە نەفامییەدا بین و بەرەو بۆچوونێکی وا هەڵە بڕۆین. ئەو رووداوە دڕندانانەیەی کە لە سەرەوە باسمان کردوون، جگە لە خەباتی گەلێکی ستەملێکراو دژی حکومەتێکی دڕندە کە دان بە مافی ژیانیاندا نانێت، هیچی تر نییە. ئەگەرنا ئێمە پەیوەندییەکی مێژوویی و کولتووریی بەهێزمان لەگەڵ گەلی تورکی خانەدان هەیە، کە بەناوی بەرژەوەندیی ئەوانەوە ئەو هەموو ستەمانە ئەنجام دەدرێن! لە روانگەی ئێمەوە ئەم بەرپرسیارێتییە وەک بەرپرسیارێتی پەتە لە رووداوی خنکاندندا، بۆیە لە قووڵایی دەروونمانەوە ئازار دەچێژین بۆ ئەم هەموو نەهامەتی و زەحمەتییەی بەهۆی دەسەڵاتی دیکتاتۆری

کەمالییەکانەوە تێی کەوتوون. خۆشەویستی و دڵسۆزیمان بۆیان هەیە و هیوای باشی و بەختەوەرییان بۆ دەخوازین، چونکە ئێمە باوەڕی تەواومان بەوە هەیە هەر دەسەڵاتدارێکی زۆردار ناو و بەرژەوەندیی گەلەکەی بۆ داپۆشینی زوڵم و زۆرەکانی بەکاربهێنێت، ئەوا ئەو گەلە جێی بەزەیی زیاترن بەراورد بە گەلە چەوساوەکان. هەروەها پێمان وایە بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی گەلی تورکدا نییە دوژمنایەتی کورد و عەرەب یاخود هەر گەلێکی تر بکات... جەماوەری تورک چ سوودێکی دەست دەکەوێت لە ئازاردانی گەلی کورد و سووتاندنی سەدان شار و گوندی بێوەی، کوشتنی هەزارانی بێتاوان و دەربەدەرکردنی دەیان هەزار کورد و ئاوارەکردنیان لە زێدی باوانیان و ناردنیان بۆ دوورترین شوێنی وڵاتی تورکیا بە پێی پەتی و رووت و رەجاڵی لە سەهۆڵبەندانی زستان و وەرزی بەفر و بەستەڵەکدا. تەنیا لەبەرئەوەی نایانەوێت زمانی رەسەنیان و ناسنامەیان بگۆڕن و واز لە کولتوور و دابونەریتی خۆیان بهێنن، بەرگرییان لەو مافە پیرۆزانە کردووە کە هاوکاریی تورکەکانیان دەکرد لە بەرگریکردن لێیان!

باشە ئایا باشتر و بەسوودتر نییە بۆ گەلانی

تورک و کورد و بۆ هەموو مرۆڤایەتی کە ئەم دوو گەلە بە ئاشتی و تەبایی بەیەکەوە ژیان بکەن، وەک چۆن سەدان ساڵە بەیەکەوە ژیان دەکەن؟ ئایا لە بەرژەوەندی ئەو دوو گەلەدا نییە لێک تێبگەن و ئاشتببنەوە و هەر لایە ئەو مافەی بە خۆی رەوا دەبینێت بۆ لاکەی تریشی بە رەوا ببینێت و لەپێناو ئەم مەبەستە هاوکاری یەکتربن، لەپێناو پرسی نیشتمانی و بەختەوەریی ئەو دوو گەلە؟ بەڵێ، ئەمە رێگەی راست و دروستە، بەڵام ئەوانەی هیواکانیان لەسەر ئامانج و چاوبرسێتیی کۆلۆنیالیزم هەڵچنیوە و بەدوای جێبەجێکردنی تیۆرییە قێزەونە بەسەرچووەکانەوەن و هەلپەرستەکانی ئەم دۆخە و سوودمەندەکان لێی و ئەوانەی بەهۆی ئەو دۆخەوە دەستکەوتی مادییان دەستدەکەوێت، چارەسەریان ناوێت و جگە لە هەڵای سیاسەتی فاشیستەکان، هیچی تریان پێ باش نییە و لە دەرەوەی بازنەی کۆلۆنیالیست و چەوساندنەوە ناتوانن بیربکەنەوە و دەستیان پێوە گرتووە و لە رەفتار و هەڵسوکەوتیاندا بەرانبەر بە چین و توێژەکانی گەلەکەیان و گەلانی تر، رەنگی داوەتەوە. ئەمەیە نەژادپەرستیی کوێرانە. ئایا وا مەزەندە دەکەیت ئەم بۆچوونە رزیوانە لە داهێنانی

بیرکردنەوەی گەلی تورکە؟ ئایا ئەو پڕوپاگەندە خراپانەی دژی هەموو شتێکی رۆژهەڵات دەکرێن و دەخرێنە پاڵ رۆژهەڵاتییەکان بەگشتی و عەرەب و ئیسلام بەتایبەتی، رای گەلی بەرانبەر بە عەرەب و ئیسلام گۆڕیوە؟ ئایا بەلاتەوە ئەو تۆوی رق و کینەیەی حکومەت لە نێوان گەلاندا بڵاوی دەکاتەوە، ژینگەیەکی گونجاوی هەیە لە بیرکردنەوەی جەماوەری تورکدا؟ ئایا بۆچوونت وایە؟ ئەگەر وایە، ئەوا بێگومان هەڵەیت، جەماوەر جیاوازیی نێوان تاک و تایبەتمەندیی رەگەزێک بەرانبەر رەگەزێکی تر، نە بە مێشکیدا دێت و نە باوەڕی پێیەتی، ئەمانە عەقڵیەتی دەسەڵاتداران دروستی دەکەن. جەماوەر لە تیۆرییەکانی دوژمنکاریی بۆماوەیی نێوان گەلان، جیاوازیی رەگەزەکان بۆ ئاستنزم و ئاستبەرز، دابەشکردنی خوێن بۆ خوێنی رەسەن و ناڕەسەن تێناگەن. بەڵێ، جەماوەر نازانێت مەبەست لەم وشە جادووییانە چین، جگە لە مادەیەکی هۆشبەری سەردەمیانە کە بەکاری دەهێنن بۆ چەوساندنەوەی گەلەکان و بەکارهێنانیان، هیچی تر نین، نازانن لە ناوەڕۆکدا مانای ئەو چەمکانە چین هەتا ئەگەر بەهۆی دووبارەکردنەوەیان و پڕوپاگەندەی بەردەوامەوە لەبەریشیان کردبێتن.

## برایەتیی کورد و عەرەب

با بێینە سەر باسی چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب لە دواڕۆژدا.

پێشتر باسمان لەو پەیوەندییە مێژوویی و کولتووریی و دراوسێیانەیەی نێوان کورد و عەرەب کرد، زانیمان پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو گەلە لە هەموو ڕوویەک و سەردەمێکەوە پەیوەندییەکی زۆر دۆستانەیە، ئێستاش، بە پشتبەستن بەو ڕوونکردنەوەیەی لەسەر ئەو پەیوەندییە مێژووییانەیەی هەمانبووە و لەو ئامانج و خواستە هاوبەشانەی لە دواڕۆژدا کۆمان دەکەنەوە، دەبێت بە شێوەیەک تواناکانمان ڕێکبخەینەوە کە باشترین بەرهەمی بۆ ئەو دوو نەتەوە برایە هەبێت.

گەلی کورد، وەک گەلی عەرەب، گەلێکی پارچە پارچە کراون و یەکدەنگ نین، هەروەها وەک عەرەب لەپێناو مافە ڕەواکانیان خەبات دەکەن، عەودالّی هاوکاری و لێکتێگەیشتنن لەگەڵ گەلان لەپێناو بەدەستهێنانی بەشی خۆیان لە ژیان و ئازادی بۆ ئەوەی بتوانن لە بنیاتنانی شارستانیەتی جیهاندا بەشداربن، وەک چۆن بەشداربوون لە بنیاتنانی

شارستانیەتی ئیسلامی لە سەردەمانی پێشوودا. کورد هەر وەک عەرەب، وەک هەر مرۆڤێکی سوارچاک و مەرد، عەودالی ئامانجێکی شەرەفمەندانەیە. شۆڕشەکانی کورد وەک شۆڕشەکانی عەرەب، هەڵقوڵاوی هەستێکی گشتیی نەتەوەیەکی زیندووە، رووبەڕووی هەموو جۆرە مەترسییەک بووەتەوە و بەرگەی هەموو زەحمەتییەک و ناخۆشییەکی گرتووە لەپێناو ژیانێکی ئازادانە و بەختەوەرانە، یاخود مردنێکی شکۆمەندانە و نەمرانە. ئێمە دەمانەوێت بە یەکسانی مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن؛ نە دەمانەوێت کوێخا بین و نە دەمانەوێت کۆیلە بین.

نامانەوێت ژێردەستە بین و ناشمانەوێت سەروەری گەلان بین، بەڵکوو دەمانەوێت بەیەکەوە لەپێناو مرۆڤایەتی و بەختەوەرییان کاربکەین، ئێمە خەبات دەکەین لەپێناو ئەوەی شەڕ و ناکۆکیی نێوانمان و نێوان دەسەڵاتدارەکانمان بگۆڕین بۆ خۆشەویستی و ئاشتی و یەکسانی و پێکەوەژیان تا ئەوەی خۆشەویستی و سۆز جێگەی رق و کینە لە دڵەکاندا بگرێتەوە.

کورد وەک برا عەرەبەکانیان خەبات دەکەن لەپێناو رزگاربوون لە کۆت و بەندی کۆیلایەتی و زەلیلی... دەیانەوێت پارێزگاری لە زمان و کولتوور و ناسنامەیان بکەن، چونکە پارێزگاری لەمانە، هیچ زیانێکی نییە بۆ گەلانی تر، بەڵکوو سوودی هەیە و سوودیان پێ دەگەیەنێت، چونکە لە روانگەی ئێمەوە؛ بەرژەوەندیی گەلان لە هەموو حاڵەتێکدا یەکە. لەبەرئەوە دەبێت هاوکاریی یەکتربکەن لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانیان. کورد دۆستی عەرەبە و خەمخۆریانە لە نەهامەتییەکانیاندا، هەردوولا یەک دەردیان هەیە، بۆیە پێویستیان بە هەمان چارەسەرە، کەواتە ئێمە هاوڕێی رێگەی رزگارییین... با هاوکاری یەک بین، با لێک تێبگەین و لە ئێستا زیاتر پشتیوانی یەکتربین، با هەردوو گەلی کورد و عەرەب برایەتیمان بەهێزبکەین و بە هەموو توانایەکمانەوە بۆ ئەوە کاربکەین، با هەوڵەکانمان یەکبخەین بەمەبەستی رووبەڕووبوونەوەی کۆلۆنیالیزم، جا لە هەر جۆر و شێوەیەک بێت، با لەپێناو ئامانجە هاوبەشەکانمان خەبات بکەین.

## نەژادپەرستیی کوێرانە

پێش ئەوەی پێشنیازی ئەو یاسایە بکەین کە وەک بنەمایەک هاوکاریی نێوان گەلانی کورد و عەرەب روون بکەینەوە، بە پێویستی دەزانین ئەو دوو گەلە لە لێکەوتەکانی نەژادپەرستیی کوێرانە ئاگادار بکەینەوە، بەتایبەتییش رووناکبیرەکانیان. دەڵێین رووناکبیران بەتایبەتی، چونکە وەک لە پێشووتر باسمانکرد، جەماوەر لەگەڵ ئەو خەیاڵانە ئاشنا نییە. بەڵێ، لەسەر رووناکبیرانی کورد و عەرەبە، نەک تەنیا بە دوورکەوتنەوە لە نەژادپەرستی و رەگەزپەرستیی کوێرانە، بەڵکوو دەبێت دژی بوەستنەوە و شەڕ لەگەڵ تیۆرییەماڵوێرانکەرەکانی بکەن کە لەلایەن ئاژاوەگێڕەکانەوە بڵاودەکرێنەوە بە مەبەستی پەرتکردنی رۆڵەکانی یەک وڵات و دوژمنایەتی گەلانی تر، هەروەها نەک لەبەرئەوەی ئەم تیۆرییانە لەسەر بنەمای زانست و ئاوەز دانەڕێژراون، بەڵکوو لەبەرئەوەی هۆکارێکی سەرەکین بۆ بڵاوکردنەوەی رۆحیەتی رق و کینە لە نێوان گەلان و هەڵگیرسانی شەڕ و نائارامی لە نێوانیان. ئەرکی ئێمەیە بەرەنگاری ئەم تیڕوانینە نەگریسە نەژادپەرستییە

ببینەوە، بەتایبەتییش لە ئێستادا، چونکە وڵاتی کۆڵۆنیالیزم هەیە گەلەکەی بەو قسانە سڕ کردووە و بەرەو جەنگی داگیرکاری دەیانبات. ئەمە لە لایـەک، لە لایەکی تریشەوە یەکێتیی گەلان و هەماهەنگییان دژی داگیرکەران لاواز دەکات.

لە کۆتاییدا داوا لە هەردوو گەلی عەرەب و کورد دەکەین هاوکار و دۆستی یەکتربن و بەیەکەوە بەرەنگاری داگیرکەران و چەوسێنەرەوان ببنەوە، ئەوان هاوڕێی ڕێگەی بەرەو ئازادین.